# شانۆکار

گۆڤارێکی شانۆییە، شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک دەری دەکات

ژمارە (٧/٦) ی ٢٠٠٩

خاوەنی ئیمتیاز
تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوک

سەرنووسەر
نیهاد جامی

دەستەی نووسەران

بەشار علیوی | میدیا ڕەئوف | یوسف عوسمان
فریاد ئەحمەد | کاردۆ | ڕزگار تەیب

shanokar@hotmail.com

# بەبێ شانۆ پڕۆژەکانی حکومەت زەخرەفەیەکە بەدەوری کەلاوەکانی شار

بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی بەردەوام و تۆکمە دروست بکەین لەناو بزووتنەوەی شانۆییمان چ لە ئاستی شارەکان کە شانۆکانی لێك دابڕاون چ لەڕووی ئەو کەلێنەی کەوتۆتە نێوان ئێمەو شانۆکارانی تاراوگە، دوای هەوڵ وماندوو بوونێکی زۆر توانیمان لەپێش وادەی خۆی شانۆکار بێتەوە حزوری ئێوە، بەتایبەت دوای ئەوەی پەیوەندیمان بە زۆرترین قەڵەمە شانۆکارە جدیەکانەوە کرد تا لەم ژمارەیەوە دەروازەیەکیتر بۆ پەیوەندیمان بەیەکەوە بکەینەوە، ئەوە بوو ئەو ئازیزانەش چونکە هەموویان دەنگی جدی ناو ئەو بزووتنەوەیەن بۆیە بەپیر داواکەمانەوە هاتن، ئەوەش سووربوونی شانۆکاری کورد دەگەیەنێت بۆ بەردەوامی و کاراترکردن و هۆشیاربوونەوەی لەبەرامبەر شانۆکەیدا.

دیارە هەوڵی ئێمە زۆر سادەیە بەتایبەت لەڕووی چاپەوە کە لەتوانای تیپێکی بەبێ بودجە هەر هێندە لەتوانادایە بیکەین، بەڵام ئەوەی ئەدەین بەرەنجامی عیشق و بەرپرسیاریەتیەکە کە ناتوانین دەستەوەسان دانیشین تا لەم وولاتەدا بەڵێنە ڕۆمانسیەکانمان بۆ دێننە دی، ئێمە منەت بەسەر کەسەوە ناکەین کە بەدوای گۆڤارە ناوازەو قەشەنگەکەی (شانۆ) ی هاوڕێیانمان لە تیپی شانۆی سالار ئێمە دووەم گۆڤاری شانۆین لە کوردستان، ئەگەر ئەم دوو گۆڤارەش نەبێت ئەوە ئەمڕۆ شانۆکاری کورد گۆڤاری سەربەخۆی خۆی نابێت، دیارە کەس ئێمەی ناچار نەکردووە گۆڤارێکی تایبەت بە شانۆ دەربکەین، بەڵکو ئەوە کاری خۆمانەو دەبێت بە عیشقەوە بەو کارە هەڵبستین، بەڵام کاری ئۆرگان ودامەزراوە کولتوریەکانی ئەم وولاتەشە نەیەلن ئەم دوو پڕۆژە شانۆییە پەکی بکەوێت، ئەرکی بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆیە لە هەردوو شاری سلێمانی وهەولێر کە بیریان لە دەرکردنی بلاوکراوەی شانۆیی نەکرد، بەڵام دەتوانن پشتگیریی لەو پڕۆژانە بکەن، وا بکەن ببنە هاندەر بۆ لەدایك بوونی پڕۆژەیتر تاوەکو ببینە خاوەنی ڕۆژنامەو گۆڤاری شانۆیی جیاواز.چونکە ئەوە هۆیەکی سەرەکیە بۆ هۆشیاری شانۆکارو پەروەردەکردنی نەوەی نوێی شانۆکاران، بوونی سەرچاوەی زانستی لەبارەی شانۆوە هۆکارێکی گرنگی لەدایك بوونی شانۆیەکی چالاکە، ئەوەی لە ئێستادا گرنگە خەمی بەرهەم هێنانی نمایشی شانۆیی نیە، درووست کردنی نمایش هێندە کارێکی زەحمەت نیە، بەقەد ئەوەی لەئێستادا پێویستمان بە ئاگاییەکی میتۆدیی بۆ شانۆ هەیە، ئەوسا پێویستە نمایش بەرهەم بێنین، بۆ ئەوەی لەساتی بەرهەم هێنان خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی تیۆریی فراوان بین و هەڕەمەکیانە سەرقاڵی شانۆ نەبین، ئەوەش پێویستی بە گۆڤاری شانۆیی و رۆژنامەو ماڵپەری تایبەت بە شانۆ هەیە، لەپاڵ گفتوگۆکردن لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بتوانین لە کەناڵێکی ئاسمانی کوردی بەرنامەیەکی شانۆییمان هەبێت تاوەکو ئەویش ببێتە مینبەرێکی تری شانۆکاری کورد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر شانۆکەی.

هەموو ئەمانە بەتەنها بە شانۆکاران نایەتە دی، پێویستی بەهاوکاری وپاڵپشتی ڕاستەوخۆی دامەزراوە حکومیەکان وبەڕێوبەرایەتیەکانی شانۆ و وەزارەتی رۆشنبیریی و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە هەیە، کە هەر یەك لەو ئۆرگانانە تاوەکو ئێستا خەمی شانۆ بە کێشەی خۆیان نازانن، لێرەدا پێویست بەوە دەکات ئاماژە بۆ ئەو هەنگاوە دڵسۆزەی ڕۆژنامەی چاودێر و ڕەخنەی چاودێر بکەین کە هەڵسان بە کردنەوەی تەوەرێکی تایبەت بە شانۆ، بۆ ئەوەی گفتوگۆی شانۆکاران ببێتە ئاڵوگۆڕی دیدو بۆچوونەکان، ئێمە پێویستیەکی زۆرمان بەم جۆرە دەیالۆگانە هەیە، نەوەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنها لە جەژنی جیهانی شانۆ بکەونە خۆیان بۆ بەرنامەیەکی تایبەت لەسەر شانۆ، شانۆ هونەرێکە نابێت ڕاگەیاندنەکان لەساڵی جارێك ئەم هونەرەیان بیر بکەوێتەوە، چونکە شانۆ هەمیشەو هەموو ساتێك کاریگەریەکانی لەناو کۆمەڵگا دەردەکەوێ، ئەوەی لەتوانای شانۆشدایە بیکات بەهیچ جۆرێك سینەماو تەلەڤزیۆن ناتوانن ڕۆڵی ئەو ببینن، بۆیە بەبێ بوونی بزووتنەوەیەکی شانۆیی فراوانی خاوەن چالاکی بەردەوام ئەستەمە کۆمەڵگای ئێمە بەتەنها بەبوونی لیستی جیاوازی ناو پەرلەمان و باڵەخانەوپڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی بنیاتنانی پارك و شەقامە نوێیەکان بتوانێ قسە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بکات، کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ شانۆ.. کۆمەڵگایەکە لە ڕووخساردا بە زەخرەفە ڕازێنراوەتەوەو لەناخیشدا کەلاوەیەکی ڕووخاوە

# جەستە و ئەزمونگەری لە کولتورێکی باوی ترادیشیۆندا



سدیق عزیز

ئەزمونگەری وەك بابەتێکی گرنگی ناو بزوتنەوەی شانۆی کوردی قسەو باسێکی زۆری لەخۆی گرتوە، گەلێك بابەتی جدی و گرنگی لەسەر نووسراوە، بەتایبەتی لە لای شانۆکارە گەنجەکان وەك تەوژمێك گرنگیەکی زیاتری پێدەدرێت، چەندین کارو چەندین نووسین بەناوی ئەزمونگەریەوە هاتونەتەوە مەیدانەوە، جگە لەوەی کە گرووپ و تیپی شانۆی تایبەت هەیە کە بەرهەمەکانیان لەژێر ناوی ئەزمونگەریدا نمایش دەکەن. بابەتەکەی من باسکردن نیە لە ئەزمونگەری وەك میتۆدو شیکردنەوەی بنەماکانی ئەزمونگەری لەڕووی تیۆریەوە، بەقەدەر ئەوەی باسکردنە لەو کێشەو گرفتانەی کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم ئەزمونگەری وفکری ئەزمونگەران لە شانۆی کوردیدا.

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی فکری ئەزمونگەری لە سالانی هەشتاو لەسەر دەستی چەند هونەرمەندێکی بەتوانای خاوەن ڕۆشنبیری شانۆیی، ئەزمونگەری کەوتۆتە بەردەم هێرش و کۆسپ خستنە بەردەم کارەکانیان تا ئەوەی زۆر جاران کارەکانیان بەکاری سەر لێشێواوی لێکدراوەتەوە. ئەو کێشانە لەمڕۆشدا بەجۆرێکی ترو لە بەرگێکیتردا بەرامبەر فکری ئەزمونگەری دەبێتەوە، تا ئەوەی گروپێکی وەك تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بانگەوازی داخستنی تیپەکەیان بکەن. زۆری ئەو کێشانەش دەگەڕێنەوە بۆ بەدحاڵیبون و کەمی ئاستی ڕۆشنبیری شانۆیی، زۆر جاریش کێشەکان کیشەی دابوو نەریتو کولتورین، ئەوەی لەم کێشانەش گەورەترن بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی بەدحاڵە لەکولتورو لەشانۆ، دەسەڵاتێك کە هەوڵی بەسیاسەتکردن و بەحیزبی کردنی سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەیە، ئەم کێشانە زۆر بە ڕوونی لەکوردستاندا بوونی هەیەو دەسەڵاتی کوردی کاریگەریەکی سلبیانەی لەسەر ڕەوتی شانۆی کوردی بەگشتی ودنیای ئەزمونگەری بەتایبەتی دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی شانۆی کوردی لە قەیران و گرفتێکی گەورەدایە، بەڵام لەلایەکیترەوە جێگای دڵخۆشیەوە کە کۆمەڵێك گەنجی بەتوانا لەڕووی نوسین وتیۆریەوە خزمەتێکی گەورەیان بە شانۆی کوردی کردوەو هەوڵی جدیان هەیە لە ناساندنی شانۆی سەردەم و دنیای ئەزمونگەری، کاك دانا ڕەوف وشەماڵ عومەر وەك پێشەنگی ئەو شەپۆلە کاریگەریەکی ڕاستەو خۆیان هەیە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەوە، چەند شانۆکارێکی تری ناو ئەم بزوتنەوەیە لە ڕێگای نوسینەوە درێژەیان هەیە و بابەتەکانیان بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمیان هەیە کە دەکرێت وەك میتۆد بکرێنە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لەو شانۆکارانە کامەران سبحان، نیهاد جامی، پێشڕەو حسێن، شۆڕش محەمەدو چەند شانۆکارێکیتر، بەڵام ئەوەی بۆتە کێشە لە بەردەم شانۆی ئەزمونگەری، بە پراکتیزەکردنی بابەتە تیۆریەکانە، بابەت تیۆری و میتۆدە شانۆییەکان چەندێك دنیابینیمان بۆ شانۆ فراون دەکەن و چەندێك زیاتر ئاشنامان دەکەن بە شانۆی سەردەم و کاری جەستەو دنیای ئەزمونگەری، هێندەش لە ڕووی پراکتیەکەوە دەمانخەنە بەردەم ئاستەنگ و چەندین گرفت ڕوو بەڕووی فکری ئەزمونگەران دەبێتەوە، یەکێك لە گرفتانەش بوونی

کولتورێکی  ترادیشیۆن و  کۆمەڵگەیەکی باوە.

**ئەزمونگەری و کولتور:**

ئەزمونگەری وەك پێناسەیەکی گشتی بریتیە لە هەوڵدان بۆ شۆڕشێك بەسەر شانۆی باودا و تێکشکاندنی هەموو پێکهاتەکانی شانۆی تەقلیدی لە ڕوی فۆڕم و دەق و زمانەوە، بنیاتنانەوەی ئەم پێکهاتانەیە لەسەر بنەمایەکی ئێستاتیکی هونەری باڵا کە بتوانێت لێکدانەوەیەکی فکری و  بنەمایەکی مەعریفیانە لە خۆبگرێت. بتوانێت نهێنیەکی نوێترو شێوە  پەیوەندیەکی تری مەعریفی نێوان بینەرو ئەکتەر  ئاشکرابکات. یەکێك لە توخمە گرنگ وپێویستیەکان بۆ ئەم کودەتایە بەسەر شانۆی باودا ،پشت بەستنە بەتوانای جەستەی ئەکتەر. ئەگەر سەرەتای ئەزمونگەری بگەڕێنینەوە بۆ شانۆی یۆنانی کۆن و تیسپس وەك یەکەم ئەکتەری دەست نیشان بکەین ئەوا دەرکەوتنی ئەسخیلۆس وەك دووەم ئەکتەر دەبێتە سەرەتای ئەزمونێکی نوێتر. بەم بۆچونە  هەر لەسەرەتای ئەزمونگەریەوە ئەکتەر وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی شانۆ یەکەم  بنەماو یەکەم داینەمۆی گۆڕان و ئەزمونگەری بووە. ئەزمونگەری لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێك و لە دەرهێنەرێکەوە بۆ دەرهێنەرێك کۆمەڵێك میتۆدو فۆڕم وشێوەی جیاوازی  گرتۆتە خۆی.

زۆربەی ئەو میتۆدە شانۆیانەی لەسەدەی ڕابوردودا لە دایك بوون، پابەند بوون بە چۆنیەتی کارو کردەی ئەکتەر و بەکار هێنانی چۆنیەتی جەستە، ئەکتەرو ئاماژەکانی جەستە لەمیتۆدێکەوە بۆ میتۆدێکتر، لەدەرهێنەرەوە بۆ دەرهێنەرێکیتر تێڕوانین و بۆچۆنی جیاواز لە خۆدەگرێتە، بیرکردنەوەی ئارتۆ بۆ ئەکتەر جیاوازە لەبرێخت ، برێخت لە مایرهۆلد، مایرهۆلد لە گرۆتۆفسکی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆی هەموو میتۆدەکان لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوە کە ئەویش کارکردن  لەسەر جەستەی ئەکتەر، لە ڕۆژئاوا چەندین گرووپی تایبەت وچەندین ستۆدیۆی تایبەت  بە ئەکتەر دروست کروان بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی جەستە.

بەشێوەیەکی گشتی میتۆدەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئێمە ناتوانین باس لە ئەزمونگەری بکەین بەبێ بوونی ئەکتەرو جەستەیەکی ئامادەکراو بۆ ئەزمون.

**کولتور:**

کولتور زاراویەکە کە هەڵگری زیاد لە مانایەکە و لە پێناسەیەکی دیار کراو و کۆنکرێتیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو خاوەنی چەندین لێکدانەوەو پێناسەی جیاوازە، هەردوو کۆمەڵناسی ئەمەریکی Clyde وKrober لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پێناسەکانی کولتور توانیان ١٦٢  پێناسەی جیاواز بۆ کولتور بدۆزنەوە بێئەوەی هیچ یەکێك لەو پێناسانە قابیلی ڕەتکردنەوەبن.

ئێدوارد تیلۆر کۆمەڵناسی بەریتانی لە پێناسەیەکدا بۆ کولتور دەڵێت "کولتور ووشەیەکی گشتگیرەو هەموو بابەتەکانی وەك هونەر و زمان و دین و خوڕەوشت و زانیاریو شارەزایی لە خۆدەگرێت کە ئەندامانی گروپێك لە ڕێگای فێربوونەوە وەریدەگرن". کاتێك ئێمە برسیمان دەبێت نان دەخۆین، برسیەتی غەریزەیەکە کە لەگەڵ یەکەم چرکەی لەدایکبونەوە بوونی هەیە، بە لام چۆنیەتی و شێوەی نان خواردنەکە دەبێتە کولتور، من بە کەوچك نان دەخۆم، بەڵام بەنگلادیشیەك بە دەست نان دەخوات کە جیاوازە لە کولتوری نان خواردنی کەسێکی چینی کە بە دوو داری باریك نان دەخوات. چینیەك دەتوانێت فێربێت بە کەوچك نان بخوات، هەروەها بەنگلادیشیەکش ئەتوانێت خۆی فێر بکات بە کەوچکی چینی نان بخوات. کلتور قابیلی  فێربوون و تێکشکاندن و گۆڕان و نەمانیشە  لە هەمانکاتدا.

کولتور لە کۆمەڵگەیەکی باوی ترادیشیۆندا دەبێتە جیگای شانازی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ، تا ئەوەی کولتور بە شێوەیەك تقدیس دەکرێت کە گۆڕان و تێپەڕاندنی  دەبێتە جیگای شکاندنی شکۆداری وسەروەری تاکەکانی ئەو گرووپە. شانازیکردن بەکولتورو پاراستنی دابوونەریەتە کۆنەکان دەبێتە



ئەرکێکی نەتەوەی و ئەتنی، بەتایبەتی لە فکری ناسیۆنالیزمدا ئەم ئەرکە زیاتر گەورە دەبێت تاڕادەی دروستکردنی ئەفسانەی نەتەوەیی، ئەزمونگەری لەم جۆرە کۆمەڵگایەندا کەم نەفەس و کەم خایەنە، ئەگەر بزوتنەوەیەکی ئەزمونگەریش هەبێت، ئەزمونێکی لە قاڵبدراو سنورداردەبێت، توانەکانی پشکنین و هەڵکۆڵین لەسەر جەستەو بنەماکانی ئەکتەر لە رووی پراکتیکەوە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی کولتورێکی باوی ترادیشیۆنەوە

.

ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە شانۆی ئەوروپیدا بەدیدی دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی دەسەڵات بە کولتورەوە، ئەو شۆڕشە گەورەییە کە لە ڕوحی کولتوری ئەوروپیدا ڕوویدا، گۆڕان بوو لە کولتورێکی ترادیشیۆن وکۆنسێرڤاتیفەوە بۆ کولتورێکی مۆدێرن وکراوە کە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی گرتەوە. یەکێکیش لەو خاڵەگرنگانەی کە لەدایک بووی مۆدێلی کولتوری مۆدێرنەیە، ئازادی تاکەکەس و ژیانی ئەندیڤیدیۆلە، بەو مانایەی کە ڕزگاربوونی تاکە لە کۆت و پێوەندەکانی گرووپ و یاسای باوەکانی کۆمەڵگە.

ئازادی تاك و ژیانی ئێنیڤدیۆل مانایەکی ترو گۆڕانکاریەکی گەورەتری لەگەڵ خۆیدا هێنایە ناو ژیانی کۆمەلگەوە، کە ئەویش ئازادی جەستەیە لە ڕووی بەکارهێنانەوە بۆ هەر ئاماژەو تەعبیرێك کە پێویست بێت. ئازادی جەستە و ڕزگار بوون لە یاسا باوەکانی کۆمەڵگە، تەنها لە ڕەگەزێك و چینێك و گروپێکی دیاری کراودا قەتیس نەما، بەڵکو سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگای گرتەوە بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێوە.

ئەگەر بۆ لە دایك بوونی گوتاری ڕۆشنبیری پێویستیمان بە ئازادی و سیستەمێکی دیموکراتی بێت، ئەوا بۆ لە دایك بوونی شانۆی ئەزموونگەری وکارکردن لەسەر جەستەی ئەکتەر، پێویستیمان بەڕزگاربوونە لە کولتورێکی ترادیشوێن و تەقلیدی باو. پێویستمان بە ڕزگار بوونی جەستەیە لەژێر حوکمی یاسا ئاسمانیەکان، دەنا کارکردن لەسەر جەستە وئاماژە جەستەییەکان هیچ مانایەکی نابێت جگە لە هەندێك جووڵەی بێڕووح و بێمانا و بێپەیام ودوور لەهەموو لایەنێکی جوانکاری و ئیستاتیکا، ئەزمونگەری هیچ مانایەکی نابێت جگە لە دووبارەکردنەوەی هەندێك فۆڕم و تەکنیکی سواو دوور لە هەموو توانەیەکی جەستەی ئەکتەر.
گەشەکردنی هونەرو کولتور دنیای ئەزمونگەری پەیوەندی بە دەسەڵات بە فەلسەفەی دەوڵەتەوە هەیە، دەسەڵاتێك کە بتوانێت کولتور مۆدێرنیزمە بکات و کۆمەڵگە لە خورافە ڕزگاربکات، دەسەڵات کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆ کردنەوەی دەرگا بەسەر کولتورەکانیتردا، ئێمە دەتوانین لەڕێگەی هونەرو کولتورەوە جۆرەکانی دەسەڵات و لەیەکتری جیا دەکەمەوە، چونکە دەشێت دەسەڵات دیموکراتی بێت و ریکلام بۆ بنەماکانی ئازدی بکات، بەڵام خاوەن کولتورێکی زۆر داخراو ترادیشوێنە کە بکوژی ماناکانی ئازادی و گۆڕانە لە سەر ئاستەکانی هونەرو بەتایبەتی هونەری شانۆ، وەك ئەو مۆدێلە دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، پێچەوانەی ئەم مۆدێلەش لە دەسەڵاتمان هەیە یان هەبووە کە دەشێت دەسەڵاتێکی



دیکتاتۆربێت  دژ بە بنەما ئازادیە سیاسەکان بێت، بەڵام لـەڕووی کولتـورەوە بتوانێـت کۆمەڵگـە  بکاتـە خـاوەن کولتــورێکی کــراوەی مــۆدێرن  کــە لــە ئاســت گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بێت،  وەك ئەو دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ لە مەغریب و تورکیادا هەیە، یان ئەو دەسەڵاتەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی پێشوی ئێراندا هەبوو، ئێـران  لـە  بـواری فـیلم و شانۆدا ڕاستەو خـۆ کـەوتبوە ژێرکاریگەری هونەری ئەمەریکیەوە، سەردانکردنی پیتـەر بـروك وڕۆبێـرت ویلسـن بـۆ ئێـران لـە سـاڵانی حـەفتادا ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن.

**جەستە وکولتور:**

لە سـەدەی نۆزدەدا  چـەندین دەرهێنـەری گـەورەی وەك ئارتو و مایرهۆلدو گرۆتۆفسکی و پیتـەر بروك و رۆبێـرت ویلسـەن دەردەکـەون وهـەر یەکـەیان بە میتۆدی جیاوازو بـەدنیا بینینێکـی تـازەوە ڕووبـەڕی شـانۆ دەبنـەوە، ئـەم پێشـکەوتنە گەورەیـە  لـە شـانۆی ئەوروپیـدا چـەندێك پەیوەنـدی بـەتوانای هونــەری و خــەیاڵ و فــەنتازیای دەرهێنــەرەوە هەیــە، هێنــدەش پەیوەنــدی بــە چــۆنیەتی کولتورو کۆمەڵگەو دەسەڵاتەوە هەیە.. دنیا بینی بۆ شانۆ لە کولتورێکی تەقلیدی و کۆمەڵگەیەکی باودا، داهێنان و فەنتازیای دەرهێنەر دەکوژێت، دەرهێنەر چەندێك خەیاڵ و دنیابینی تازەی هەبێت بۆ شانۆو سینۆگرافیەی ئەکتەر لە ڕووی جەستەوە، ڕێگرەکان بۆ داهێنان لـە کولتـورێکی تەقلیدیدا زۆر لەو توانایەنە گەورەترن.

لە کۆمەڵگـەی بـاودا کولتـورو دیـن ودەسـەڵات، سـنور بـۆ خـەیاڵ و یاسـا بـۆ تواناکـانی جەسـتەی ئەکتـەر دیـاری دەکات، لەکاتێکدا ئەزمونگەری دنیای  ئازادی فەنتازیاو خەیاڵـە، ئەزمونگـەری سـنوردار ناکرێـت بەقـەدەر ئـەوەی سنورەکان تێدەپـەڕێنیت، ئەزمونگـەری کارکردنـە لەسـەر ناسـاندنی جەسـتەو ئـازاد کردنـی جەسـتە لـە ڕێگـای توێژینەوەو  هەڵکۆڵین و گەڕان بەدوای نهێنیەکانی.

کورد بیرکردنەوەیەکی نێرانە بێت بۆ شانۆ، ئەزمونگـەری تـەنها لە جەستەی نێردا قـەتیس بکات، لە ئەزمونکاندا



جەسـتە خـاوەنی هـیچ کولتورێـك نیـە،  لەبـەر ئـەوەی کولتور لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا وەك غەریزە لە دایك نابێت، بەڵکو لە دوای لەدایك بوونەوە لەگەڵ گەشـەکردنی هۆشـدا  لـە ڕێگـای فێربوونـەوە وەردەگیرێـت و دەبێتـە بەشێك لە پێك هاتـەی کەسایەتیەك، ئێمـە خۆمان کولتـور هەڵنابـژێرین، بـەڵکو بۆمـان هەڵبـژێردراوە، دنیـای دوای تازەگـەریش کارکردنـە لەسـەر کولتـورە جیاوازەکـان و ئاڵوگۆڕی کولتورەکـان، لەبەر ئـەوەی هـەموو جەسـتەیەك توانای هـەڵگرتن و فێربوونی هـەموو شێوە کولتورەکانی هەیـە کـە بتوانێـت ئامـاژەی پێبکـات، جەسـتە زمـانی هاوبەشـی نێـوان کولتورەکانـە نـەك ئامـاژەی کولتـوری، جەسـتە دەبێـت باسـی خـودی برسـیەتی باکـات نـەك نیشاندانی جۆری خواردن، وەك ساوەر و  خورما و مێوژ.



جەستەی ئەکتەرێکی کورد ئەتوانێت لەرێگای سرووتێکی چینیەوە جەستەی خۆی تێك بشکێنێت و سەر لەنوی دروستی کاتەوە لە ڕێگای مەشق و ڕاهێنانەوە. دروستکردنی شانۆی نێونەتەوەیی لە لایەن پیتەر بروکەوە هەڵگری میتۆدی تێك شکاندنی جەستە بنیاتنانەوەیە لە ڕێگای کولتورە خۆرهەڵاتیەکانەوە، نەك وەرگرتن و بەکار هێنانی کولتورەکان تەنها لە پێناو نیشاندان وەك شێوە کولتورێکی سەر بەگرووپیکی دیاریکراو

**کاری ئەزمونگەری لە شانۆی کوردیدا:**

کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەی خاوەنی کولتورێکی ترادیشیۆنەو دین بەشێکی گەورەی لەم کولتورە تەنها پشتبەستنبووە بەڕەگەزی نێر، ڕەگەزی مێینە لەبەر هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ناتوانن باس لە جەستەو ئاماژە جەستەییەکانی تایبەت بەخۆیان بکەن، لە ئەزمونگەریدا ئەکتەری مێینە تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نیە، مێینە دەبێتە ڕەگەزێکی بنچینەیی و بە هەمان ئازادی و نەفەسی نێرەوە دەبێت بەردەوامی هەبێت لە ئەزمونەکاندا، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەزمونگەری کارکردن و گەڕانی بەردەوامە بە دوای نهێنیەکانی شانۆدا، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی مانایەکی نوێتر بۆ ئەکتەرو شانۆ، ئەزمونگەری لەدایك بووی پرسیارێکە و لە ڕێگای هەڵکۆڵین و پرۆڤەی بەردەوامەوە دەگەیتە

ئەنجامێك، دەگەیتە تێڕوانین و دنیا بینینێکی نوێ بۆ شانۆ. بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی کارە ئەزمونیەکان دەبێت خاوەن ڕۆشنبیریەکی فراوان و ئازادیەکی ڕەهابین لە بەکار هێنانی جەستەدا، ئەزمونگەریمان نیە سنوردار بێت، بەقەدەر ئەوەی سنورەکان تێك ئەشکێنێت، ئەزمونگەری لەئاست کولتوردا کار ناکات، بەڵکو تێپەڕاندنی سنورەکانی کولتورە، ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە تا چەند ئەکتەری کورد ئازادە لە بەکارهێنانی جەستەدا؟ تا چەند بە ئازادی ئەتوانین کار لەسەر جەستە بکەین، بۆ هەردوو ئەکتەری ڕەگەزی نێرو مێینە؟ ئایا دەکرێت شانۆی ئەزمونگەری لەسەر یەك ڕەگەزی نێرینە گەشە بکات و ڕەگەزی دووهەمیش لە پاشکۆدا بێت؟ئایا میتۆدە جیهانیەکان تەنها بۆ یەك ڕەگەز ئامادە کراوە؟ تا چەند ئەتوانین لەسەر چەمکەکانی سیکۆلۆجی و فیسیۆلۆجی کاربکەن و وەك دکتۆرێکی نەشتەرگەری بچینە ناو پێکهاتەکانی جەستەوە لە رووی ئاناتۆمیەوە، وەك ئەوەی کرتۆفسکی باسی دەکات.

گروپێکی ئەزمونگەری دەبێت لە ژمارەیەکی دیار لە ئەکتەری رەگەز نێرو مێ پیك بێت، یەکەم ئەرکی تاکەکانی ئەم گرووپە هەوڵدان بۆ ناسینی یەکتری لەڕێگای هەندێك ڕاهینانی سیسۆلۆژیەوە، ئەم مەشقانە کاریگەری هەیە لەسەر دروستکرنی پەیوەندو ناساندنیان بە یەکتری، لە پێناو شاکاندنی سنورەکانی شەرم و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکتری و هەستکردن بە بوونی یەکتری وەك ئەندامانی سەر بە گروپێك یان خێزانێك، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ژیانی پێکەوەیی ئەندامەکانە لە شوێنێك دیاری کراودا، هەندێك لە گروپە ئەوروپیەکانی گەشتێکی هەفتەیی یان دوو هەفتەیی دەکەن بۆ شوێنێکی دیاری کراو دوور لە هەموو پەیوەندیەك دەرەوە بە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێوە، بەلام لە کولتوری کوردیدا ئەمە کارێکی سەختە بە تایبەت بۆ ڕەگەزی مێینە، لەوانەیە دەرهێنەرێك بڵێت ئەو گەشتانە پێویست نین و ئێمە کۆبونەوەی ڕۆژانەی خۆمان داگیرکردووە، وای کردووە کە بیرکردنەی دەرهێنەری دەکەین و ئەتوانین لە ڕێگای گفتوگۆوە بچینە ناو نهێنیەکانی یەکتریەوە، گریمان ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ڕۆژی چەند کاتژمێر ئەم گروپە پێکەوە دەبن ؟ باسی چی دەکەن سەبارەت بە چ لایەنێك گفتوگۆ دەکرێت؟ کە دەشێت یان دەکرێت لە سروشتێکی کراوەدا لە ڕیگای سەیرکردنی گوڵێك، دارێك یان چۆلەکەیەکەوە، گرنگترین نهینی بدۆزیتەوە، زۆر جاران لە بێدەنگیدا ئێمە ئەتوانین نهێنیەکان بدۆزینەوە، یەکێك لە مەشقە گرنگەکان دروستکردنی کۆمنیکاشین و پەیوەندیە لە بێدەنگیدا، دانیشتن و کۆبوونەوەو مەشقەکان لە هۆڵێکدا ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، دوای مەشقەکان ئەکتەرەکان هۆڵەکە بە جێدەهێڵن و هەریەك دەڕواتەوە ماڵی خۆی، کەسەکان جارێکی دی دەگەڕینەوە ناو دنیای خودی تایبەتی خۆیان، دەچنەوە ناو کێشە خێزانی و کولتوری و کۆمەڵایەتیەکان، دەچنەوە ناو کێشە سیاسی و ئابوریەکان و گرفتەکانی ڕۆژانە، کاتێك بەیانی دەگەڕێنەوە بۆ هەمان هۆڵ چۆن جارێکی تر ئەو پەیوەندیە دروست دەبێتەوە؟ نهێنیەکان لە ڕێگای قسەی فکری و فەلسەفیەوە نادۆزرێنەوە، بەقەدەر ئەوەی کە دەشێت گێڕانەوەی نوکتەیەك کاریگەری هەبێت بۆ دۆزینەوەی حاڵەتێك کە گرنگی تایبەتی هەبێت لە شانۆدا، گروپی ئەزمونگەری بەمانای ژیانی پێکەوەیی چەند تاکێکە بۆ ڕاڤەکردن و ڕاهێنان و لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵین لە ماناکانی شانۆو ئەکتەرو جەستە کۆبونەوە یان گەشتی یەکتر ناسین لە کۆمەڵگەی کوردیدا کارێکی ئاسان نیە، نەك هەر بۆ ڕەگەزی مێینە، بەڵکو بۆ ڕەگەزی نێریش، جا گەشتە دوور بێت یان نزیك، بۆ شوێنێکی نادیار بێت یان بۆ هۆڵێك، یەکتر ناسینی ئەندامانی گروپەکە و پێکەوە بوونیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە هەر ڕێگایەك بێت و لەهەر شوێنێك بێت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر دروستکردنی پەیوەندیەکی ڕوحی و دڵنیایی بوون و باوەڕهێنان بەیەکتری لەسەرەتای دەستپێکردنی هەر

کارێکی ئەزمونیدا.

ئەوەی زیاتر ژیانی دەستە جەمعی گروپێك ئەزمونی پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕوحی پێکەوە کارکردن دەروێشانە دەخرۆشێنێ، بونی ڕۆشنبیری شانۆیی و خەیاڵ فراوانیە لە پیناو گۆڕان و داهێناندا، بونی ڕۆشنبیری شانۆیی ئاسۆکانی تێگەیشتن لەیەکتری فراوانتر دەکات، لەسەرو ئەمانەشەوە دەبێت هەموو تاکێك لەو گروپەدا توانای تێگەیشتنی هەبێت لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و دنیای میتۆلۆژیاو سیمیۆلۆژیا، ئەم لایەنە کار ئاسانی زیاتر دەکات بۆ تێگەیشتن لە یەکتری و گەیشتن بە سەر ئەنجامێکی فکری و مەعریفی لە کارە ئەزمونەکاندا، لایەنێکی گرنگ تر هەیە لە کاری ئەزمونیدا کە ئەویش بڕوا هێنانە بەوەی کە هەموو ئەو کاتە زۆرانەی لە گەڵ کارێکی ئەزمونیدا بەکار دەهێنرێت لە پێناو نمایشدا نیە، بەقەدەر ئەوەی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی مانایەکی نوێتر بۆ شانۆ، دۆزینەوەی شێوەیەکی تری پەیوەندی لە نێوان بینەرو شانۆدا، ڕاهێنانە بۆ بنیاتنانەوەی جەستە لە ژێر کاریگەریەکانی ئەنترۆپۆلۆژیاو میتۆلۆژیادا.

گروپی ئەزمونگەری دەبێت گروپێکی پیشەیی بێت ، بە مانایەی ژیانیان تەنها بۆ کارکردنە لە شانۆدا، بەبێ بیرکردنەوە لە کێشەی ژیان، شوێنی ژیان و بەڕێکردنی بژێوی ژیان، بەبێ بیرکردنەوە لە کێشەی شوێنی ڕاهێنان و چۆنیەتی کۆبونەوە و پەیوندی کردن بەیەکەوە، ئەمەش کاری دەوڵەت ودەسەڵاتە، کاری دەزگا کولتوریەکانی سەر بە دەسەڵاتە کە گرنگی تایبەت بەم جۆرە گروپانە بدەن و ئاسانکاریان بۆ بکرێت لە پێناو گەشەکردنی بزوتنەوەی ئەزمونگەری لە شانۆی کوردی، دەسەڵات بەرپرسیارە لە دابینکردنی ژیان و شوێن و تەرخانکردنی بوجەی تایبەتی بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان.

جگە لەمانەش کاری دەوڵەت کردنەوەی دەرگایە بەسەر کولتوری وڵاتانی تردا، دەسەڵات کاری دروستکردنی پەیوەندیە بە گروپە نێونەتەوەییەکانی دنیای دەرە، لە پێناو ئاشناکردنی شانۆی ئەزمونگەری کوردی بە کولتورەکانی تری دنیا وەهەروها بە پێچەوانەوە، بەبڕوای من گەر دەسەڵاتێك پێچەوانەی ئەم خاڵانە کار بکات، ئەوا بکوژی ماناکانی ئەزمونگەریە، لەهەر کۆمەڵگەیەکیش ئەزمون و ئەزمونگەرای نەبێتە بەشێك لە کولتور و فەلسەفەی دەوڵەت، ئەوە دەسەڵات دەسەڵاتێکی باوی بێبنەمای کولتورە، ئەو کۆمەڵگەش کۆمەڵگەیەکی مردووە.

## ڕەخنە و ئەزمونگەری

یەکێك لەو بەدحاڵیانەی لە ناو هەندێك شانۆکارانی کوردا هەیە، جیا نەکردنەوەی کاری ئەزمونیە لە نمایشی کارێکی شانۆیی ئاسایی لە ڕووی ڕەخنەوە، ڕەخنەگران بەیەك بۆ چوون و تێڕوانینەوە سەیری هەردوو شێوە نمایشەکە دەکەن، کە هەریەکە لەو نمایشانە هەڵگری دوو جۆر ڕەهەندو بۆچون و دوو تێڕوانینی جیاوازە، لە کارێکی شانۆیدا دەرهێنەر لەسەر دەقێکی ئامادەکراو کار دەکات، لە ڕێگای خوێندنەوەی تایبەتی خۆیەوە دەیەوێت نمایشێکی شانۆیی کامڵ و تەواو بەرهەم بێنێت، لە دوا ڕۆژی جەنەراڵ پرۆڤەی کارە شانۆیەکەدا، دوا ووتەی دەرهێنەر ئەوەیە کە دەڵێت ئیتر کاری من تەواو، واتە دەرهێنەر گەیشتە دوا خاڵ و دوا پەیام و دوا ئامانج، ئەم وتەیە دانانی خاڵی کۆتاییە، دانانی هەر خاڵێکی کۆتایی بۆ هەر کارێکی ئەدەبی کولتوری هونەری، دەبێتە خاڵی سەرەتای دەستپێکردنی ڕەخنە، بەڵام لە کاری ئەزمونگەریدا بە پێچەوانەوە، لە ئەزمونگەریدا خاڵی کۆتایی نیە، کارێك نیە گەیشتبێتە دەرئەنجامی کۆتایی، ئەزمونگەری قۆناغی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەیە، ئەزمونگەری لەدایك بووی پرسیارێکە، کە دەشێت ئەم پرسیارە پرسیارێکتر بە دوای خۆیدا بێنێت، هەرکاتێك ئەزمونگەری خاڵی کۆتایی دانا لە پشتی کارەکانیەوە ئەو کاتە لەمانای ئەزمونگەری دەدەچێت، هیچ نمایشێکی ئەزمونگەری کارێکی کامڵ و پێگەیشت و تەواو نیە، لەبەر ئەوە قۆناغی گەڕان و خۆ دۆزینەوەیە، لەبەر ئەوە هەڵگری هیچ مانایەکی ڕەخنەیش نیە، ئەمەش بەو مانایە نیە کە قسە



لەسەر ئەزمونگەری نەکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەزمونگـەری نـەیتوانی جـەدەل دروسـتبکات و نـەبوە جێگای سەرنج و تێبینی لێکدانەوەی بۆ نەکرا ئەوە.

ئەزمونگـەری نیـە، ئەزمونگـەری هـەروەك چـۆن لـە پرسیارێکەوە دەست پێدەکات، لە کۆتایشدا پرسیارێك بە جێدەهێڵێت

# ئەکتەر و هۆشیاری بینین



کامەران سوبحان

دوای ڕاهێنانە جەستەیی و دەنگییەکان، گرنگترین چەکی بەردەستی ئەکتەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکەی (بینین)ە، ئەم پرۆسەیەش مانایەکی جیاوازتری هەیە لە سەرجەم ئەو مانایانەی کە خودی زاراوەی بینین لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیەتی، دیاترین پێناسەی ئەم زاراوەیە کە خودی زاراوەی بینین لە مانا تەقلیدییەکەی جیا دەکاتەوە، ئەو حاڵەتە فیزیکی و ڕۆحانییەیە کە ئەکتەر و کارەکتەرە هونەرییەکانی تر لە بواری هونەردا پێیدەگەن، کە ڕەنگە ئەم مانایە بە تەنها ئەکتەر خۆی پەیپێ ببات، وەك دەڵێن بە تەنها ئەکتەرە لەو ئەفسوونی بینینە دەگات، ئەم حاڵەتە فیزیکییەش بە تەنها لای ئەکتەر و هونەری شانۆ بەرهەمنایەت، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هونەرەکانی تریشدا ئەو مانایەی خۆی بەرهەمدێنێتەوە، بە جۆرێك گەر بە دەر لە وەزیفەی ئەکتەر سەیرێکی ئەم زاراوەی بکەین لە هونەرەکانی تردا، ئەوا یەکانگیر دەبێتەوە لە تەك ئەو مانا گەردونییەی ئەکتەر بۆ ئەم چەمکە هەیەتی، کاتێك (ڤانکوخ) تابلۆی گوڵەبەڕۆژەکان دروستدەکات، بەرهەمهێنانی ئەو تابلۆیە کۆی بینینی ڤانکوخە بۆ بینینێکی جیاوازتر فیگەر و پانتایی و شوێنی گوڵەبەڕۆژە، کە ڕەنگە فیگەر گوڵە بەڕۆژە لە ژیانی زۆر ڕۆژانەدا زۆر جیاوازبێت لەو فیگەرەی کە ڤانکوخ لە تابلۆکەدا دەیبینێت، ئەم حاڵەتەش بنەمایەکی سەرەکی کاری هونەرییە کە لە فۆتۆکۆپیکردنەوەی واقیع جیایدەکاتەوە، ئەم مانایەی بینین بۆ چەمکەکان لای هونەرمەندە سریالییەکانیش بە هەمان شێوەیە، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەو بینینە ئەپستراکت و تێکشاوییەیە لە بینینی ئەوان بۆ موفرەدەکانی نێو پانتایی تابلۆ، کاتێك (دالی) فیگەر ژنێك یان کاتژمێرێك لە تابلۆیەکدا دادەنێت، ئەو فیگەرە زۆر جیاوازە لە بینینی ئەو کەرەستەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا و ڕەهەندە واقیعییەکەیدا هەیە و هەریەك لە ئێمە دەیبینین.

ئەم دوو نموونەیە وەك دوو نموونەی بەرچاوی هونەری شێوەکاری، گەر سەیری هەریەك لە لایەنە هونەرییەکانی تریش بکەین، هەمان پێودانگ و بۆچوون بۆ ڕەهەندی (بینین) هەستپێدەکرێت، بۆ ئەم حاڵەتەش ڕەنگە زۆر جار ئەو پرسیارە بە زیهنماندا بێت ئایا چ زەرورەتێکی تێدایە ئەکتەر ئەزموونی هونەریی بە هۆشیاری و مەعریفە دەوڵەمەند بکات، لە کاتێکدا ئەو ئیشەکەی لەسەر شانۆ تەنها نواندن و لاسایی کردنەوەنیە، هێندەی ئەوەی خەون بینینە بە داهێنانی بینینێکی جیاواز بۆ روخسارو جیهانبینی کارەکتەرێك کە بینەر لە بینینیدا هەست بکات وێنەی ئەو کارەکتەرەی بیستووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە بەم روخسارە دەیبینێت، ئەمەش نهێنی سەرکەوتنی ئەوە لە یاریکردنی کارەکتەرە جیاوازەکانیشدا، ئەم بینەمایەی (بینین) وا دەکات چەندینجار و چەند ئەکتەرێکی جیاواز ڕۆڵی (هاملێت) ی (شکسپیر)ی بەرجەستەکەن و هەر جارەی روخسار و فەنتازییەکی تایبەتی ببەخشن بە هاملێت، لە هەمووشی گرنگتر هەموو جارێك بینەر هەست بەوە بکات ئەمە هاملێتێکی نوێیە دەیبینێت نەك هاملێتێکی دووبارە و چەند بارە.



جار پرسیاری ئەوە دەکرێت کە ئایا ئەکتەر لە لاسایکردنەوەی کارەکتەرەکاندا بینینێکی واقیعیانەی هەبێت یان هەوڵبدات وێنە زیهنییەکانی یادەوەریی خۆی بەکار بێنێت بۆ لاسایکردنەوەو نواندنی کارەکتەرەکە؟
ڕەنگە بوونی ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا هەڵگری گرفتێك بێت، چونکە بە تەنها کاری ئەکتەر یان دەرهێنەر لاسایکردنەوە نییە، ڕەنگە ئەمە تەنها بەشێکی بچوکی کارەکەی ئەو بێت، لە بەر ئەوەی هەموو ئیشەکەی ئەو لاسایکردنەوە نییە، ئەی داهێنانی ئەکتەر لە کوێدایە؟
بەلای منەوە بۆ ئەکتەر بەشە گرنگەکەی ئەوەیە کە ئەو وێنەیەکی بنکە فراوانی سروشت و ئاکاری مرۆڤ و ژیان دەگرێت، کاتێك ئەکتەرێك ڕوبەڕوی کارەکتەرێك دەبێتەوە لە هەردەقێکی شانۆییدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵبژاردنێکە بۆ ئەوەی ئەو ئەکتەرە ڕەنگرێژی شێوازێك لە شێوازەکانی ژیان بگرێت، لە گۆشەنیگا و بینینێکی تایبەتمەندییانەوەو هەندێ جاریش ئەو شێوازە دیارکراوەو زۆر جاریش تاڕادەی ڕەها، بنکەکانی بەسەر ئەکتەردا کراوەیە، گەر ئەو ئەکتەرە توانای پەروەردەکردنی بینینی خۆی هەبێت لەسەر چەند بنەمایەکی تایبەتمەندانە..
گەر ئێمە وێنەی شانۆییەك لەشانۆییەکانی (مەکسیم گۆرکی) یان (ئەنتوان چیخۆف) یان هەر نووسەرێکی تر وەرگرین دەبینین ئەکتەر وەزیفەیەکی گەورەو گرانی هەیە لەبەرامبەر ئەو جیهانبینی و تایبەتمەندیەی کە نووسەر لە دەقەدا ئاماژەی پێکردوە، یان لە دەقەکەدا خولقاندوییەتی، کاتێك (بەپۆڤا) لای چیخۆف تووشی شکڵێك لە تێکشکان و هستریا بووە دوای مردنی مێردەکەی و دەرکەوتنی کۆمەڵێك نهێنی لە ژیانی مێردەکەیدا تووشی جۆرێك لە داڕمانی دەکات، ئەمەش وادەکات گۆڕانی جەوهەری لە فۆڕم و ڕیتمی کارەکتەرەکەیدا روبدات، کە پێویستە ئەکتەر توانستێکی شیکاریانەی هەبێت بۆ ڕەهەندەکانی ئەم فۆڕمە لە کارەکتەر، بە تایبەتیش لە هەردوو ئاستی (سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی )، پێویستیشە بۆ ئاشکراکردن و خوێندنەوەی سایکۆلۆژییەتی ئەم کارەکتەرە سود لە ئەزموونی ئەو کارەکتەرە روخاوە ببینێت بە تایبەتیش لە قوڵاییەکانی سایکۆلۆژیای ئەو فۆڕمە لە کارەکتەری ڕەهەند جوڵاو بونیاد جوڵاودا، بۆیە ناکرێت ئەکتەرێکی کەم ئەزموون و کەم هۆشیاری خۆی لە قەرەی ئەم جۆرە کارەکتەرانە بدات، لەبەر ئەوەی دواجار توشی شکڵێك لە تێکشکان و بەتاڵی دەبێتەوە، بە تایبەتی لە مەودای (بینین) بۆ بونیادی ئەم کارەکتەرە، هەروەك ئەوەی کاتێك ئێمە وەك بینەرێك دەچینە نمایشێکی دەرهێنەرێکی ناودار گەر پێشتر ئەو تێکستە شانۆییەمان خوێندبێتەوە ئەوا دەتوانین بەوردی و بە چاوێکی هۆشیارانەوە دیمەن و کارەکتەرو ڕوداوەکان ببینین ، کاتێك ئێمە دەچین بۆ بینینی نمایشێکی (ئەپسن) بۆ نموونە ( دوژمنی گەل) گەر دەرهێنەر خاوەن ئەو هۆشیاریە نەبێت بتوانێت جیهانی (ئەپسن) مان نیشاندات ئەوا ئێمە وەك بینەر ئەکەوینە توانج گرتن لەو نمایشە، بە تایبەتیش لەسەر ئاستی (بینین) چونکە یەکەم شت ئەوە دەڵێین کە



دەرهێنەر بینینی نەبووە بۆ ئەپسن یان بینینێکی لاوازی هەبووە، بۆیە ئەو نمایشەی بەرهەمهێناوە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئێمەی بینەر تێکستەکەمان خوێندوەتەوە، بە هەمان شێوەش زۆر پێویستە ئەو هۆشیارییە دوو جەمسەریبێت لە نێوان (دەرهێنەر و ئەکتەر) دا بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شێوەیەکی تەندروست بگاتە (بینین)ی بینەر، ئەمە ئەو بۆچونەی سەرەوەمان زیاتر دەسەلمێنێت کە پێویستە ئەکتەر هۆشیاریەکی باڵای هەبێت بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانێت بەوردی ئەو دیدە ئەناتۆمکاریەی هەبێت بۆ دەقەکەی کە دەیەوێت نواندنی تێدابکات و دواتریش پەیوەندیەکانی نێوان کارەکتەرو ڕەگەزەکانی تری نێودەقەکە زیاتر تێبگات.

کەواتە هەمو ئەم پەرەگرافانە مانشێتەکەی سەرەوەمان زیاتر دەوڵەمەند دەکات کە پەیوەندی نێوان (ئەکتەرو بینین) پەیوەندیەکی پێویستە، بۆ ئەکتەریش ئەم ڕەگەزە هۆشیاری زیاتر پتەو تردەکات، بە تایبەتی لە کاتی ڕۆڵبینیندا، ئەوەشمان بیرنەچێت پەیوەندی نێوان (بینین و هۆشیاری) یش پەیوەندیەکی نزیك و پێکەوە گرێدراوە و هەردوو ڕەگەزەکەشیان بۆ ئەکتەر تەواوکەری یەکترن

kameransubhan@yahoo.com

# نواندن لەشانۆی منداڵاندا



**بورهان قەرەداخی**

ئاشکرایە کاتێك کە شانۆ لە یۆنان سەریهەڵدا، لە ئەکتەر ونواندنەوە دەستی پێکرد پێش ئەوەی وابەستەو گرێدراوی تێکست بێت، واتە بیرۆکەی بوونی دانەر هێشتا دەرنەکەوتبوو، هەر ئاواش دەزانین کە منداڵ لە قۆناغی بەر لە خوێندندا زانیاری پێدەگات وژینگە ودەوروبەرەکەی دەناسێت لەرێگەی بینین و گوێگرتنی راستەوخۆوە، نەك لە رێگەی نوسراو وچاپکراوەوە، تەنانەت لە قۆناغەکانی سەرەتای دەسپێکردنی خوێندنیشدا زیاتر گرنگی بەوێنە دەدات وەك لەوشە، واتە رووبەر و پانتایی وێنە فراوانترە لای لە روبەر و پانتایی وشە، کەواتە ئەرگۆمێنت وقسەکردن دەربارەی شانۆی منداڵ لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە لەهونەری نواندنەوە دەست پێبکات، پێش ئەوەی قسە لەسەر دانانی تێکستی شانۆی منال بکەین، هەندێك لە توێژەرەکانیش پەیوەندی منداڵ بەنواندنەوە گرێدەدەنەوە بەکرداری (لاسیکردنەوە) وە، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین لەکرداری (لاسیکردنەوە) دا نواندن لە دایك دەبێت، دیارە ئەمەش لەئاستێکی خۆڕسکدا، بەڵام لە ئاستی هونەریدا دەبێتە سێ تەوەر:

**نواندن لەشانۆی منداڵاندا سێ جۆرە:**

یەکەمیان: نواندن بۆ منداڵ، واتە گەورەکان هەڵدەستن بە رۆڵ بینین بەجل و بەرگی پێویستی شانۆییەکەوە، لێرەدا ئەکتەرەکان گەورەن، گرنگیش ئەوەیە بڕوا بە بینەرەکەیان بهێنن کە رۆڵەکەیان رۆڵێکە لە شانۆی منداڵ و جوان دەینوێنێ و بە راستگۆیی نواندن دەکات و منداڵان سەرسام دەکات، لەم کاتەشدا منداڵ بەتەنها بینەرێکی بەکاربەری شانۆیە، دووەمیان: نواندن لەگەڵ منداڵ، واتە منداڵ و گەورە پێکەوە رۆڵ دەگێڕن. ئەم جۆرەیان لای منالان باشترە و زیاتر بڕوا بە منالْ دەهێنێ و سەرنجی زیاتر رادەکێشێ و کاریلێدەکات. واتە تێکەڵکردنی ئەزموونی نواندنی گەورەکان و گەیاندنی بەو منالە بەهرەمەندانەی کەلە کارەکەدا گەڵیاندان، بەکورتی بوونی گەورەکان زیاتر هانیان دەدات و فێریان دەکات و دەیانخرۆشێنێ بۆ نواندن و یاری.

سێیەمیان : منداڵ خۆی بەتەنها نواندن ئەنجام بدات، هەندیك جاریش رێدەکەوێت بەهیچ جورێك گەورەکان هاوبەشیکار و یارمەتیدەری منداڵان نابن لەپرۆسەی دروستکردنی نمایشدا، واتە بەتەنها منداڵان خۆیان هەڵدەسن بەنوسینی تێکست و هەر خۆشیان رۆڵ دابەش دەکەن و دەریدەهێنن و دیکۆرو جلوبەرگ و مۆزیك و مکیاژ و راگەیاندنی بەرهەمەکە ئەنجام دەدەن، وەك لە هەندێك شانۆی قوتابخانەکاندا روودەدات. ئەمەش گیانی بڕوا بەخۆبوون و نەترسی و پێکەوە کارکردن و ئیرادەی داهێنانیان لا بەهێز دەکات. نواندنیش بەپێناسەیەك لە پێناسە باو و ناسراوەکان، هونەری بەرجەستەکردنی وێنەیەکی زیندوی کەسێتییەکە لەکەسێتییەکان بەدەربڕینی دەنگ و جەستە. بە شێوەیەکی تر بەرجەستەکردنەوەی کەسێتییەکە لەلایەن ئەکتەرەوە، یاخود سەرلەنوێ وێناندنەوەی کەسێتییەکە. جا ئەم بەرجەستەکردنەش ئاوێتەبوونە بەژینگە و زەمانی کەسێتی، لەرێگەی جوڵە وهەست و بیر وهۆش و



ئەندێشـەوە. واتـە بەرجەسـتەکردنی خەسـڵەت و ئـەدگار وهەڵسـوکەوت وبـیر وباوەڕەکەیـەتی. بـەکورتی واتـە بەرجەستەکردنەکنی خەسڵەتی کەسێتییەکە چ وەك فۆرم و چ وەك ناوەڕۆك چەمکی لاساییکردنەوە و گێڕانەوە:

بەشـێوەیە گشـتییەکەی لاسـاییکردنەوە وەك کەلـەپور و خونـەریتێکی کۆمەڵایـەتی لـەنێو کۆمەڵـدا نـەوە بەنـەوە دەپارێزرێـت و بـەردەوام دەیگوێزێتـەوە. زۆرجـاریش دەچێتە پاڵ بیر و باوەڕ، بۆ نمونە وەك لاساییکردنەوەی خونەریتـەکانی ئـاین و سـروتەکانی کـە نـەوە بەنـەوە هەڵدەسـن بـەپیادەکردن و پاراسـتن و گواسـتنەوەی. وەك جەژنەکانی بەرات و قوربان و نەورۆز و..هتد.

بەپێناسـەیەکی گشـتی تـر، لاسـاییکردنەوە غەریزەیـەکی کەونییە کە هەموو بوونەوەرێکی زینـدو بەدرێـژایی ژیـانی تا مردن لەگەڵ خۆیـدا هەڵیـدەگرێت، بۆیـە دەتـوانین بڵـێین بەتـەنها وەك رەفتـارێکی تاکـە کـەس نامێنێتـەوە، بـەڵکو دەبێتـە فـۆرمێکی گشـتی. لەگەڵئەوەشـدا وەنـەبێت ئەمـە رەهابێت و رەفتار و شێوە و هەڵسوکەوتی تـاك لـە ئاسـتە تایبـەتی وسروشـتی وخودیەکانیـدا بسـڕرێتەوە و داماڵرێـت لـەنێو کـۆدا. بـەڵکو زۆرجـار لاسـاییکردنەوە دەبێتە فینۆمین و فۆرمێك کـە زۆرێـك لـە تاکـەکانی کۆمـەڵ وەك بـاو پیـادەی دەکـەن. بـەکورتی ئـارەزو و حـەزو چاولێکردنێکە بۆ وەك ئەوبوون، یاخود بۆخۆنمایشکردن و خۆنواندن و خۆدەرخستن. کە ئامانجیش لەمانە خۆشی بیـنین ودەرخسـتنی توانـای جیاوازبوونـە.

لاســاییکردنەوەش لای منــداڵ وەك کــردار و چــەمکێك لەسەرجەم قوناغەکانی تەمەنیدا گرنگیەکی کارای هەیە لەسەر گەشەی خەیاڵ و هزر و توانای دەربڕینی زمان و ئیمائە وجوڵەی، بۆنمونە مناڵێك میکانۆکەی چەند جارێـك وەك تـەلار وخانویـەك دروسـت دەکـات و تێکیدەداتـەوە وەك ئـەوەی ئەنـدازیارێکی بەهرەمەنـد و بلیمەت بێت.

لە تیۆرەکانی شانۆشدا دوو تیۆری پێچەوانەی یەك هەن کە ئەوانیش تیۆری لاساییکردنەوە و تیۆری گێڕانەوەن. وەك زانراوە تیۆری لاساییکردنەوە ( ئەرەستۆ تالیس) دایناوە. کەلەرێگەی ئیهام دروستکردن وئاوێتەبوون و خۆگرێدانی ویژدانی بەنمایشەوە دێتە دی، واتە لە رێگەی ئیهام دروستکردن و ئیندماجکردن لەگەڵ کەسێتی پاڵەوان و روداوی شانۆییە تراژیدیەکەدا هەست و سۆز و ترس و بەزەیی وەرگر دەورژێت و تێکەڵ بە نمایشەکە دەبێت. ئیدی پاکژبوونەوە (کاساریس) رودەدات.

تیۆری گێڕانەوەش (برتولد برێخت )ی شانۆکاری ئەڵمانی داینا، برێخت لەبری پەنابردن بۆ پرۆسەو توخمی ئیهام دروسکردن و ئیندماجکردن لەگەڵ نمایش، کرداری بڕین و بچڕاندن و نامۆکردن و زوو زوو دوورکەوتنەوە لە رۆڵ و دانانی لافیتە و بەکارهێنانی گۆرانی و سینەما و دروستکردنی هەڵویستی دژ، بۆئەوەی وەرگر بەردەوام لەئاگایی و هۆشمەندیدا بمێنێتەوە و پرسیار بهروژێنێت. بەکورتی برێخت لەبری ئیهام دروستکردن و ئیندماجکردن دواندنی هزر و ئاوەز دادەنێت.

خۆ ئەگەر گێڕانەوە و پاکژبوونەوە بنچینە و گەوهەری شانۆی کلاسیك بێت، ئەوا گێڕانەوە و لاساییکردنەوە دوو بنەمای بنچینەیی کەسێتی مناڵن لەیاریکردن و رەفتاری ژیانی رۆژانەدا. هەربۆیەش ناکرێت شانۆی منداڵ دابڕین لە گەمە و یاری.

بائێستاش چەند جۆرێك لە جۆرەکانی لاساییکردنەوە لای منداڵ دەستنیشان بکەین، چونکە منداڵ بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت لە پیادەکردنی غەریزەی لاساییکردنەوەدا:

١- لاساییکردنەوەی خۆکردانە (التلقائی): ئەمجۆرە لاساییکردنەوەیە بەبێ مەبەستە و بەرئەنجامی ئارەزوویەکی خۆڕسکی مناڵە بۆ لاساییکردنەوەی باوك ودایکی وەك لاسایکردنەوەی رۆیشتن و هەندێك جوڵە و قسەکردن.

لاساییکردنەوەی رەنگدانەوە : بۆ نمونە مناڵێك لەخیزانێکدا بە جۆرێك لە جۆرەکان رەفتارێك دەکات، واتە شێوەیەك لە گریان و پێکەنین و بیانوو گرتنی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدات، مناڵێکی تر ئەمە دەیبینێت و پاشان لاسایی دەکاتەوە. ئەم لاساییکردنەوەیە تا ماوەیەك درێژەی دەبێت.

لاساییکردنەوەی مەبەستگەرا: ئارەزوویەکی سروشتییە کە پاڵ بەمنداڵەوە دەنێت بۆ لاساییکردنەوەی دەنگ و جوڵەی گیانداران ، یاخود لاساییکردنەوەی شێوەی رۆیشتن و قسەکردنی کەسێك ودەمەلاسکێی کردنەوەی . بەکورتی منداڵ لەتەمەنی دوو تا سێ ساڵیدا دەتوانێت ئەمجۆرە لاساییکردنەوەیە ئەنجام بدات و دەسەڵات بگرێت بەسەریدا.

لاساییکردنەوە و نواندن : ئەم جۆرە لاساییکردنەوەیە قۆناغێکی بالاتر و پێشکەوتو تری منداڵە ، چونکە ئەندێشە و هزری کێشی دەکات بۆ وێناندن و نواندن و لاسایکردنەوەکە. بۆ نمونە دارێك دەکات بە ئەسپێك وخۆشی لاسایی سوارچاکەکە دەکاتەوە، یاخود بوکێك دەکات بە منداڵێك قسەی لەگەڵ دەکات، وەیان لە یاریەکانی وەك ماڵە باجێنە و مامۆستا مامۆستادا روونتر ئەمە دەردەکەوێت. ئەم قۆناغەش لە دوو ساڵییەوە درێژدەبێتەوە تا حەوت ساڵی، بۆیە یاریەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ لاساییکردنەوە و نواندن لە خۆ دەگرێت.

(محمد حامد ابو الخیر) لە کتێبی (شانۆی منال) دا دەڵێت: پێویستە راهێنانی منداڵ لەسەر لاساییکردنەوە، لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی بێ هۆشیاری نەبێت، بەڵکو دەبێت هەموو شتێکی بۆ شرۆڤە بکرێت. پاشان

وازی لێبهێنرێت و سەربەست بکرێت لە دەربڕینی خۆکردانە کە هەڵقولاوی ئەو شرۆڤەکردنە بێت ئێستە گرنگی پرۆسەی لاساییکردنەوەمان بۆ دەرکەوت کە چەند بنەمایەکی کاریگەر و ئەکتیڤە بۆ منداڵ لە کاری نواندن و شانۆی مناڵدا. هەربۆیە یەکێکی وەك. چونکە منداڵ دەتوانێت هەستەکانی بەشێوەیەکی راستگۆیانە و سەرکەوتوانە دەربڕێت و کاریگەری لەسەر بینەر و جەماوەرەکەی دابنێت.

پیتەر سیلدیش جەخت لەسەر کاریگەری پۆزەتیفی شانۆ دەکات لەسەر تاك ، ئەو تاکەش ئەگەر مناڵبێت یاخود کەسێکی پێگەیشتوو. بەکورتی شانۆ کاردەکات بۆ درووست بوونی تاکی دڵشاد و ڕێك وپێك و هاوسەنگ .

بۆیە شانۆ بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆپاراستنە لە نەخۆشییە دەرونییەکان. هەر بۆیە کەسێکی وەك بیرتۆن وادەبینێت کە نواندن هونەرێکی گەورەیە بۆ پاکژبوونەوەی دەروون و چارەسەری نەخۆشییەکان، هەروەها کاریگەریەکی باشیشی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاکە کەسێك لە شەرمکردن و ئارەزونەکردن بەتێکلاوبوون بە کەسانی تر و دورکەوتنەوە لەتوندو تیژی. لە بەشەکانی دوایدا زیاتر ئەم بوارە ڕووندەکەینەوە.

**توخمە ماددییەکان لەشانۆی منداڵدا**

پێش ئەوەی باسی توخمە ماددییەکان بکەین لەشانۆی منداڵدا ، یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕاهێنەری شانۆیی، یاخود دەرهێنەری شانۆیی منداڵان ئەوەیە



کەکار بکات بۆ تەواوکردنی کارە شانۆیەکە تا پێگەیشتن و تەواوکردنی نمایش. ئەمەش نایەتەدی تەنها بەرێکخستن و گونجاندنی وێنەکانی دیکۆر و جلوبەرگ و مۆزیك وگۆرانی و ریتم و دیالۆگ و جوڵە و کارتێکەرە دەنگییەکان نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە پێویستییەکانی سەرکەوتنی بەرهەمەکەن، بۆیە هەموو ئەم پێکهاتانە هەنگاو بەهەنگاو بەدوای یەکدا دێن بۆناو شوێن. ئەمانەش پێویستیان بەتوانایەکی ئابوری باش دەبێت بۆباش بەئەنجامگەیاندنیان. جا بۆ بەئەنجام گەیاندنیشیان پێویستە رۆڵی منداڵ فەرامۆش نەکرێت، چونکە شانۆی منداڵ بۆ خۆی هەڵگری بەهای پەروەردەیی و فێرکاری و هونەری و ئیستاتیکی و مەعریفییە. بۆیە پێویستیشە ئەم بەهایانە لەوتوخمانەدا رەنگبداتەوە. توخمە مادییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دیکۆر لەشانۆی منالآندا:

پێویستە لەسەر دەرهێنەر ئاگای لەوەبێ کە گرنگی دیکۆر لە نمایشی شانۆیی منالآندا هیچی کەمتر نییە لە گرنگی دیکۆر لە شانۆی گەورەکاندا. بەڵام دیکۆر لەشانۆی منالآندا جیاوازە لەو دیکۆرەی کە ئاراستەی گەورەکان دەکرێت. چونکە پێویستە نیگارو وێنەی دیکۆرەکە نزیککەوتنەوە بێت لەهزری و ئەندێشە و تێگەیشتن و هۆشیاری منالآن. ئێمە دەزانین دیکۆر توخمێکی کاریگەرە و دەرخەری شوێن و کاتی رووداوە و ئاستێکی بینراوە بۆ خرۆشاندنی هەست و سۆز و چێژ لێوەرگرتنی، بەکورتی دەبێ دیکۆر نزیك کەوتنەوە بێ لە زمانی شێوەکاری مناڵ. مناڵیش توانای هەیە کەرستەکانی سەر شانۆ بژمێرێ و جیایان بکاتەوە و سنوری پەیوەندی و وێنەکان و رەهەندەکانیان بدۆزێتەوە. بۆیە دەرهێنەر دەبێ لەگەڵ نەخشەدانەری دیکۆردا لەسەر ئەوە رێکبکەون کە دەبێ دیکۆر هاوکاری هەست و سۆز و ئەندێشە و ئارەزوی منال بکات ، فۆرم و فیگەرەکانی دیکۆرەکە ئاشکراو ناسینیان ئاسانبێ ، بۆ نمونە: خانوو خانوو بێ، دار داربێ،..هتد.

هەروەها وێنەکانی دیکۆرەکە گوزارشت لە ناوەڕۆکی نمایشەکە بکەن و پەیوەندیداربێ بە شوێنی رووداوەکان و جوڵانیان کەم و ئاسان بێ. رەنگەکانی دیکۆرەکەش روون و ئاشکراو کراوە و هەست بزوێن و شادی بەخش بێ و سەرنج راکێش بێ. سەرباری هەموو ئەمانە ئێمە دەزانین کە دیکۆری شانۆیی بەشێوەیەکی گشتی بەتەختە و تەپەدۆر و قوماش و کارتۆن و فلێکس دروست دەکرێت ، بۆیە پێویستە ئەو کەرەستانە هەڵبژێررێت بۆ شانۆی منداڵ کەزیاتر نەرمونیانن، تا لەکاتی هەر رودانی گرفت و کەوتنی پارچە دیکۆرێکدا منالآنی سەر شانۆ لەڕوی تەندروستییەوە زەرەرمەند نەبن. بەکورتی دیکۆری شانۆی بەتەنها هونەرێکی تاك نییە لەخۆیدا ، بەڵکو هونەرێکە لەگەڵ هونەرەکانی تری وەك مۆزیك و روناکی و وێنەگرتن و نواندن دەژی لەپێناو خزمەتکردن و یارمەتیدانی گەیاندنی ناوەڕۆك و گوتاری تێکستە شانۆییەکە.

دیکۆری شانۆیش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر :

یەکەمیان : دیکۆری جێگیر، ئەم جۆرە بریتیە لەو فۆرم و نیگارانەی کە لەسەر قوماش یان تەپەدۆر یان تەختە وێنەکێشراوە و پارێزگاری لە هێڵە دیارەکان دەکات بێئەوەی رۆبچێتە نێو قوڵا ی و وردەکارییەوە.

دووەمیان : دیکۆری جوڵاو، بەڵام ئەم جۆرەیان پێکهاتوە لەو پارچە دیکۆرانەی کەبەشێکن لە دیکۆری گشتی و دەشێت لەبینراوێك یاخود زیاد لە بینراوێدا بکاربهێنرێن و بەپێی پیویستی بینراوی شانۆییەکە لابرێن و بگۆڕرێن.

هەروەها دیکۆر رۆڵێکی باش و گرنگ دەگێڕێت لەدروستکردنی کەشی گشتی و رونکردنەوەی بیرۆکەی نمایش ، بۆیە باشترواییە ئەو کەرەستانەی بۆ دروستکردنی دیکۆری شانۆییەکە بەکاردێن بۆدانان و هەڵگرتن ئاسان بێت و لەرووی نرخ و توانای گوزارشتکردن وئیستاتیکاوە گونجاو بێت.

٢- جلوبەرگ:

جلوبەرگیش دەبێ ئاڵ واڵا و رەنگاوڕەنگ بێت و



گوزارشت لە کەسێتییەکان و هەڵسوکەوت و خوڕەوشتیان بکات. هەروەها ئاسان بێت بۆ جوڵەی ئەکتەر وسەرنج راکێش بێت.

دیارە جلوبەرگیش بەوێنەی دیکۆر گرنگی خۆی هەیە لە نمایشی شانۆیدا ، بۆیە پێویستە لەکاتی هەرێنەکردن (التصمیم)دا لە ڕوی رەنگ و فۆرمەوە هارمۆنی و گونجاو بێت لەگەڵ وێنە و رەنگی دیکۆری بگراونددا. جگە لەمانەش پێویستە بۆ کەسێتییەکان گونجاو بێت لەڕووی رەنگ و هەرێنەسازییەوە ، خۆ ئەگەر یەك کەس هەستێت بە هەرێنەکردنی دیکۆرو جلوبەرگ ئەوا زۆرباشترە تا گونجانێکی باش بەرهەمبێت. جلوبەرگ زمانە، چونکە هەڵگری ئاماژەیە بۆ پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆ و ئابوری وچینایەتی..، بۆ نمونە دەتوانین لەڕێگەی جلوبەرگەوە کارو حەز و ئارەز و لایەنی دەرونی (شادمانی و خەمباری..) و جۆری کاری کەسێتییەکان دەربخەین وەك: جلوبەرگی سەربازی و پرسە و ئاهنگ وجۆرەکانی وەرزش..هتد. بەکورتی جلوبەرگ ئاماژە دەکات بۆ تەمەن و سامان و پایەی کۆمەڵایەتی، بۆیە جلوبەرگ زانیاریی گرنگ وروونی کەسێتیمان لە رێگەی ئەکتەرەوە بۆ بینەران دەگوازێتەوە . هەروەها دەبێت زۆر بە باشی ئاگاداری جۆر وسەردەمەکەی بین لەبەکارهێناندا.

مکیاژ و ماسک رۆڵێکی باش دەبینن لەلایەنی روونکاری و دەرخستنی ئەدگار و سیمای کەسێتییەکاندا کە ئەکتەر دەیانوێنێت، واتە لە رووی تەمەن و رەنگوبۆ و لایەنی تەندروستیی دەردەخات. بۆنمونە دەرخستنی دەموچاو و بەشێکی ئەندامانی لەشی کەسێتییەکە سوتاوە و ترسناک بووە ، یاخود دەرخستنی روویەکی ناسک ونازداری کیژۆڵەیەکی بچکۆلە. بۆیە پێویستە مکیاژ و ماسک چەند دەرخەری سیما و رووی دەرەوەی کەسێتییەکە بێت ئەوەندەش دەرخەر وگوزارشت بێت لە لایەنی ناوەوە و شێوەی بیرکردنەوەی و خەیاڵی کەسێتیەکە. جا هەربۆیە پێویستە مکیاژ و ماسک بەپێی سروشتی و پێویستی کەسێتیەکە دروست بکرێت و گوزارشت لە کەسێتیەکە بکات و زۆر ترسناک نەبێت بۆ منداڵ. خۆ ئەگەر پێویستمان بەگۆڕینی سیما و ئەدگار و خەسڵەتی سروشتی دەموچاو و ئەندامێکی جەستەی ئەکتەرەکە بێت ، ئەوا پەنابردن بۆ ماسک کارێکی شیاو و چێژبەخش دەبێت بۆمنداڵ بەمەرجێك ترسناك دروست نەکرێت. ماسک لەشانۆی منداڵاندا پانتاییەکی بەرفراوان بۆ خۆی داگیردەکات، هەرلە بەکارهێنانی ماسکی گیانداران و باڵندە و لیبوك و پیر و فۆرمی جیاجیای تر کە تەنها لەدنیای ئەندێشە و هزری منداڵدا بوونی هەیە، بەلأم هەندێك لە پاشکۆی تر هەن بەوێنەی پاشکۆ دەستیەکان کە ئەکتەر بەکاریان دەهێنێت وەك: چاویلکە ، دەسەسڕ.. هتد. یاخود وەك پاشکۆی رازاندنەوە کەخۆی لە وێنەی فۆتۆگراف وپەردەدا دەبینێتەوە.

٤- رووناکی:

روناکیش لە شانۆی منالأندا گرنگی خۆی هەیە ، دەبێ دەرهێنەر بە وریایی لەگەڵ نەخشە دانەر و جێبەجێکاری روناکیدا هەماهەنگی بکات و ئاگاداری ئەوەبێت کە روناکی بەشەپۆل و تیشك هاوێژبێ و باران و هەورە بروسکە و پانتاییەکی ناکۆتا پێشکەش بکات. زۆر تاریکیش دروست نەکات، چونکە زۆرجار منالّ لە تاریکی زۆر دەترسێت . بۆیە پێویستە روناکیش، روناکییەکی کراوە و فرە رەنگ و دەرخەری مانا بێت.




٣- دەمامك و مکیاژ:

هەروەها رەنگ و روناکیش بەوێنەی جلوبەرگ و دیکۆر زمانە . هەربۆیە پێیستە بەوریایی هۆشمەندی و وردبینییەوە مامەڵە لەگەڵدا بکەین ، چونکە روناکی و تیشکی رەنگاورەنگ سروشتی شوێنکات و روداومان بۆدیاری دەکات و کەشی گشتی شانۆییەکەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ پێکهێنەرەکانی تری شانۆ بۆ دروست دەکات. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا رووناکی شانۆیی بەتەنها کاری رووناککردنەوەی سەر تەختەی شانۆ نییە تا بینەران ئەوانە ببینێت کە لەسەر شانۆ روودەدەن ، بەڵکو رۆڵی رووناکی شانۆیی زۆر لەوە زیاترە . وەك دەرخەری گۆڕانی کات بۆ نموونە خۆرئاوابوون و شەوداهاتن و خۆرهەڵاتن، یان بەکارهێنانی تیشك و رووناکی بۆکاریگەریدانان لەسەردەروونی منداڵان ، وەك بەکارهێنانی تیشکی سپی بۆ خۆشی خستنە دڵی منداڵانەوە ، یان بەکارهێنانی تیشکی شینێکی مات وەك گوزارشکردن لەغەمباری ودڵتەنگی . بەکورتی رووناکی شانۆیی بۆ منداڵان فاکتەرێکی باشە بۆ جوڵاندنی خەیاڵ و ئەندێشە وهزر وچێژبینین لە جوانی .

# لە چاوەڕوانی موجیزەیەکدا

# پەرجووی لاش نۆرێن لەنێوان بوون و نەبووندا



دانا رەئوف

لاش نۆرێن، شانۆنامەنووسی هەرە دیاری سوێدی لە حەفتاکاندا لەژێر کاریگەری و دەروازەی شانۆنامەکانی نووسەری ئەمەریکی یوژین ئۆنیل ١٨٨٨_ ١٩٥٣ ەوە یەکەم سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنیٚ، مەودایەکی فراوان، تێڕوانینێکی سەراپاگیر و مۆرکێکی سوێدی دەبەخشیٚ بە شانۆنامەی ( سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو ) ی یوژین ئۆنیل*. چێخەف دەبێتە چاوگەیەکی گرنگی قۆناخەکانی تری، پاڵەوانەکانی چێخەف لێرە و لەویٚ لە بەرگێکی تردا و بە هەناسەیەکی سکاندناڤی، لە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا دەردەکەون و لە کۆتاییشدا لە هارۆڵد پینتەردا فۆرمێکی جیاواز و زمانێکی تایبەتمەند ئەدۆزێتەوە.

ئەم نووسەرە لە گەشتی بەرجەستەکردنی کۆمەڵگا بۆرژوازییەکانەوە، لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و پەیوەندییەکانی فەرزەند و باوانەوە، لەسەر شەقام و کۆڵانە پیس و تاریک و تەنگەکانەوە، لە هۆڵی ژوورە ڕازاوەکانەوە، بۆ ناو تلیاکخۆر و بەدمەستەکان و مرۆڤە نەخۆش و دەروون شێواوەکانەوە، ژیانی ڕۆژانە تاوتویٚ دەکات، گیان لە دانیشتوانی شانۆنامەکانی دەردەکات و سەرلەنویٚ و لە شوێنێکی تردا گیانیان پێدەبەخشێتەوە.

لاش نۆرین لە شانۆنامەی پەرجوو دا ماڵی سامۆییل بێکێت ئەدۆزێتەوە، لە بنەماکانی ئەو شانۆیەوە، لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەندی بێکێتدا، زمانێکی تایبەت بەخۆی و وێنەیەکی سوێدی لەو بەرگە ڕەشەدا ئەدۆزێتەوە. زۆربەی ڕەخنەگرە سوێدییەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە لاش نۆرێن زۆر لە مێژە بە ڕێگاوەیە بەرەو جیهانە ئەبسورد و سۆفیزمە ئاڵۆز و لیریکە ڕەشەکەی سامۆێیل بێکێت. پەرجوو ش خویندنەوەیەکی جیاواز، ئەندێشەئامێز، توندوتیژ و هەمەلایەنی شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ وەیە.

لاش نۆرێن لە هەموو شانۆنامەکانیدا، ریالیزم و ئێگزیستێنتیالیزم و ئەوانەشی کە زیاتر لە شانۆی ئەبسورد نزیک ئەبێتەوە، دەروونی مرۆڤ، حەز و هیواکانی مرۆڤ، بێدەرەتانی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ، گرفتەکانی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگ، تەنیایی، خەمۆکیٚ و بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و هیچ سنوورێك لەنێوان ڕەشترین ڕاستییەکان و کۆمیدیایەکی بێهوودەدا ناهێڵێتەوە.

•پەرجوو باسی چی دەکات؟

هیچ شتێك لەم شانۆنامەیەدا ئاشکرا نییە، هیچ شتێك دڵنیا نییە، زمان لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دەسوڕێتەوە، لۆژیك دەبێتە نالۆژیك و ناتەبا دەبێتە تەبا و بیرۆکە و بۆچوونەکان لەنێو پشێوییەکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبن. هیچ ڕووداوێك، هیچ سەرەتا یان کۆتاییەك، هیچ ژینگە و شوێنێك و هیچ زەمەن و هێڵێکی ئاشکرا بەدیناکرێت. لاش نۆرێن لەم وێستگەیەدا و لە دووتوێی نەبوونی ڕووداو و شوێنەوە وێنەی کۆتایی

هـاتنی سارسـتانییەتی خولقانـدووە. سـێ مـرۆڤ لـە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە: گەوڕێك، شێتخانە، نەخۆشخانەی دەروونی، بەندیخانە، ژووری چاوەڕوانی، دەتوانین بڵێین هەموو شوێنێکە و هیچ شوێنێکیش نییە، شـوێنێك لـەنێوان ژیـان و مەرگـدا، چـاوەڕوانیش تـەنیا فریاگوزار و دالدەی ئەم کارەکتەرانەیە.

کەسـایەتییەکان لـەم ناشـوێنەدا لـە تێکۆشـانێکی بـێ وچاندان تـا خۆیـان بناسنەوە، تـا بزانن کـە ئەوان کێن، لەکوێوە هاتوون و بەرەو کوێ ئەچن و چین.

کول

( هەڵدەستێ، وەستاوە و بە سووکی دیلانێ دەکات )

تۆ.

( وچان )

تۆ.

( وچان )

تۆ. تۆ ناوت چییە؟

کییر

ئا.

کول

ناوت چییە؟

کییر

نازانم. نازانم ناوم چییە؟

کول

نە بابە. نازانیت؟

کییر

ئا.

کول

باشە.

( وچان )

تۆ

( وچان )

من نازانم لەکوێم.

کییر

نازانیت لەکوێم؟

کول

نا.

( وچان )

من نازانم لەکوێم.

( وچان )

تۆ لە کوێیت؟

کییر

ئا ... بەهەرحاڵ تۆ لێرە نیت.

ئەمـەش گەڕانەوەیـەکی ڕاسـتەوخۆیە بـۆ بێکێـت و کارەکتـەرەکان لـە فۆڕم و شێوازێکی تـردا وەك بەند وان، بـەڵام بەنـدی بەندیخانـە نـا، بـەڵکو بەنـدی ژیـان و بەنـدی یاسـا و بنـەما کۆمەڵایـەتی و دەروونییـەکان، سـێ کارەکتەرەکـە بـێ لانـەن و لـە تەقـەلای ئـەوەدان ژیانیـان، بـوون و گوزەرانیـان بگەڕێنـەوە بـۆ بـارێکی ئاسـایی، لـە جیهانێکـدا کـە هـەموو شـتەکان نادیـار و نادڵنیـا و نائارامە،کەسـایەتییەکان لەسـەر لێوارەکـانی نـەمان و کـەوتنێکی تەواوەتیـدان و لـە هـەوڵی ناسـینەوەی خۆیانـدان، لـە زەمەنێکـدا کـە بـەرەو هەڵوەشـاندنەوە دەڕوات.

کارەکتەرەکان لە گیانەڵادان، یان لە حاڵـەتێکی گیانـەڵاوە بەئاگادێنـەوە و نـازانن بـەرەو کـوێ دەچـن، هەرچـەندە بەتەمەنن، بەڵام هەروەك ئەوە وایە کە تازە لەدایك بووبن.

ڕووداوەکـان زیـاتر لـەنێوان کـول و کـییردا ڕوودەدات و کەسـی سـێیەم، لوکـا، بـە قـوونی ڕووتـەوە لەنێوانیانـدا کەوتووە. ئەوان هۆشیارن بە بوونی خۆیـان، بـەوەی کە دەیڵـێن، بـەڵام زۆرجـار وشـەیەك، دەسـتەواژەیەك لـە ڕستەکانیاندا بەجێدەمێنێ، دیارنامێنێ و بەو شێوەیەش هەموو دیمەنەکە فۆرمێکی تر لـەخۆدەگرێت. هەندێکجار جگەرە دەکێشن بەبێ ئەوەی جگەرەیان بە دەستەوە بێت، یان کتێب دەخوێننەوە بەبێ ئەوەی چ کتێبێك لە ئارادا بێت، یان دەبنە جادووباز و بە پەنجە تەقاندنێك کەسێك لەو ناوەدا ناهێڵن. دنیای وەهم واقیعێکی هەستپێکراوە و ئەوان لە وەهمێکی واقیعی و ڕاستیدا دەژین.

لوکا

( هەڵدەستێ، یان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت. پەڕەی کتێبێك هەڵدەداتەوە کە بوونی نییە، بە شتگەلێك پێدەکەنێ کە لەوێ بوونیان نییە )

کول

خۆشە؟

لوکا؟

ئا.

کول

پێت خۆشە؟

لوکا

ئا، نازانم خۆشە، نایابە.

کول

ئا، کەواتە باشە، باسی چی دەکات؟

لوکا

نازانم، هەر ئێستا دەستم پێکرد. کەمێك دەیپەڕێنم.

کول

ئاگام لێیە. خۆ لەم رۆژانەدا ئەو کتێبەت خوێندەوە. ئەوە هەمان کتێبە کە لەو ڕۆژانەدا بۆی دانیشتیت و خوێندتەوە.

لوکا

نا، ئەو کتێبە نییە.

( دەست دەداتە کتێبێکی تر کە نییە )



ئەمەیان بوو.
کول
ئێ ئێ.
( وچانێکی کورت )
پێموایە وەك یەك وان. پێموایە یەك کتێبن.
شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی C8
لەو پانتاییە چۆڵ و بەتاڵەدا وشەکان دەنگ ئەدەنەوە، دەزرنگێنەوە و زایەڵەیەکی نابەجێ و ترسناك دروست دەکەن، بەڵام پیەسەکە باسی هیچ ناکات، هیچ شتێك نییە کە ناوەڕۆکێکی هەبێت، باسی شتێك بکات. دیالۆژی نێوان کارەکتەرەکان بوونی هەیە، دیالۆژێکی زۆر و بێ کۆتا کە هیچ ناڵێت و لەهەمانکاتدا هەموو شتێك دەڵێن و هەموو ماناکانیش لەخۆدەگرن، لەیەك کاتدا ڕوون و ئاشکرایە و زۆر گران و تەمومژاوی و نادیاریشە.

کول و کییر بەشێوەیەك لە شێوەکان فلادیمێر و ئەستراگۆنن و ئەم دوانە بوونیان تەنها لەلایەن خۆیانەوە دووپاتدەکرێتەوە، ئەم کەسایەتیانە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ناو سۆزی دایك، شوێنێکی تەڕ و تاریك. ناوەکانیشیان: کول، کییر و لوکا پێدەچێ بەکارهێنانەوەیەکی تری ناوی قوتابییەکانی مەسیح بێ.

لەم جیهانە ئەبسوردەدا، لەم شوێنە ناشوێن و ڕۆچوونی ڕووداوانەدا، ڕۆحێکی کۆمیدیا، کۆمیدیایەکی ڕەش بەنێو هێڵی ڕووداوەکاندا دەڕوات، بار و هەڵوێستە تراژیدیاکان فراوان دەکات و مەودایەکی قووڵتریان پێدەبەخشێ. لەهەمانکاتدا مۆرکێکی شیعرئامێز لەخۆدەگرێت و بونیادی پیەسەکە نزیك دەکاتەوە لە شیعر و هەناسەیەکی لیریکی لەخۆدەگرێت. بەکورتی دەتوانین پێناسەی پەرجوو بەم شێوەیە بکەین: ئەو مرۆڤانەی کە بەتەواوەتی کۆنترۆڵیان لەدەستداوە و بەشێوەیەکی نائارام لە بازنەیەکی نادیار و ناکۆتادا دەخولێنەوە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزاری، پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکرێت ئەوەیە کە مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدی مرۆڤە.

**پەرجوو _ وەك ناونیشان**

پەرجوو گەمەیەکی هەمەلایەنە بە زمان و بە سوێدی دەکرێت چەندین مانای جیاواز لەخۆبگرێت: پەرجوو لەیەککاتدا ئاماژەیەکە بۆ شتێك کە زۆر لە خوارەوەیە، یان بە پێچەوانەوە، هەر زۆر لە سەرەوەیە، خوارەوەی کۆمەڵگا و چینە بەپەراوێزکراوەکان یان موجیزەیەکی خواوەندی. مانای وشەکە لە روکاری دەرەوەی دەکرێت بە ( چی لە ژیانماندا، لە زەمەنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات و چ شتێك لە ژێرەوەیە ) ئاماژەی بۆ بکرێت.

لاش نۆرێن هەر لە ڕوانگەی ئەم ناونیشانە مەجازییەوە، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی توندوتیژ و بە بێ هەست و سۆز و بە شێوازێکی کۆمیدی، لایەنە تاریکەکانی، پڕ لە کارەساتەکانی، هەروەها ئەبسوردەکانی پشتەوەی کۆمەڵگامان پیشان ئەدات. پەرجوو وەك موجیزەش ئاماژە و ڕەنگێکی ئاشکرای ئایین بەخۆوە دەگرێت و سێبەری خودایەك بەردەوام لە ناواخنی ڕووداو، پشتەوەی کارەکتەرەکان، وشە و دیالۆژەکاندا بوونی هەیە.

کول و کییر و لوکا لە چاوەڕوانی هەموو شتێکدان: چاوەڕوانی ژیان، مەرگ ، قووتاربوون و مەسیحێکی نوێ. لەوانەیە چاوەڕوانی هیچیش نەکەن و تەنها لەوێدان، یان لەوێشدا نین و بوونیان نییە، بێ ناو، بێ پێناس، بێ لانە، مردوو و لەهەمانکاتدا زیندووش. کەسایەتییەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگادان، یان چاوەڕوانی موجیزەیەکی خواوەندین، دەشکرێت بڵێین هەردووکیان، نغرۆبوون و موجیزەش.

**• من_ ی تاك و زەمەنی شانۆنامەکە**

منەکان _ لە ژیان و لە کۆمەڵگادا هەوڵی ئەوە ئەدەن کەموکوڕییەکانی بوون و پەیوەندییەکانیان بەوانیترەوە، بە کەسی دووەمەوە بشارنەوە، بەڵام لە پەرجوودا کارەکتەرەکان هیچ ناشارنەوە و هیچ شتێك نهێنی و



شاراوە نییە. لەبەرئەوە کول، کیر و لوکا زۆر نزیك دەبنەوە، دەمامك و ڕووپۆشەکان، بەربەست و مەرزەکان دەڕوخێن و شتێك بەرجەستە دەکەن کە بۆ مرۆڤ نییە، قەدەغەیە ئەو ڕەوشانە دەرخات: واتە لەدەستدانی کۆنترۆڵ. کەی ئەو کۆنترۆڵەشمان لەدەستدا، ئیدی دەکەوینە ژێرەوە، دەکەوینە ناو کەلاوە و پشت دیوارە بەرزەکانی کۆمەڵگاوە. کارەکتەرەکان هەرچەندە زۆر شێواو و نادیارن، بەڵام هۆشیارن، لە هەموو شتێك دەگەن، هەموو شتێکیان بینیوە و بە هەموو شتێکدا تێپەڕیون. ئەوان بە چوشنی مەسیح گوناهەکانی ئێمەیان هەڵگرتووە، ئەو سنوورە توندوتیژەی لەنێوان ژیانی دەرەوە، سەرەوە و خوارەوەدا هەیە، لای کارەکتەرەکانی پەرجوو بوونی نییە.

سێ پیاو، سێ قوربانی، سێ جەللاد. منێك کە خەریکە ئەبێت بە تۆ، بەڵام دوودڵە، لەبری ئەوە منەکان دەبنە چەندین منی تر، دەبنە ئەو و پرسیارەکانیان:" تۆ کێیت، من لە کوێم، پێڵاوەکانم لە کوێن، شەو زیاتر تاریك بووە " دیمەنەکان لە خودی پرسیاری من_ ەکانەوە، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کۆمەڵگا و ستروکتورە چینایەتی و ئاستە دەروونییە جیاوازەکان. منەکانی تریش کە لە دەرەوەی ئەو بازنە و سنوورە دیاریکراوانەوە دەجوڵێنەوە، ناتوانن گوناهەکان، یاسا درندەکان، جیاوازییەکان و دیوی ناوەوەی شتەکان ببینن، یان نازانن کە کێ کۆمەڵگاکانمانی دروست کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناتوانین پەنجە بۆ تاوانبارەکان ڕابکێشین، لەبری ئەوە ئێمە هەمووومان تاوانبارین و دەشبێت هەمووومان پێکەوە دەبەنە بەر وەهم و سمبوڵەکان.

کول

بەرپرسیار بین بەرامبەر ئەوانی تر، ئەوانەی لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەدا ئاماژەیان بۆ دەکات. لەناو شانەکانی دیمەن و ڕووداوەکاندا منی تاك لە ترۆپکی جوولە و بزاڤی وشە و ڕستە تەواونەکراوەکانیاندایە، کارەکتەرەکان لە هەوڵێکی ئەزەلی و بەردەوامی ئەوەدان کە ببینرێن، دووپاتی بوونیان دەکەنەوە و گێڕۆدەی ئەوەن کە بوونیان خاوەنی کردارێکە، هەڵوێستە و ڕەوشێکە. لەم دووڕییانەدا، کارەکتەرەکان لە مەرزەکانی گەمەخەون و لێبوکێکی غەمگیندا دەسوڕێنەوە، لە دەرگاکانی شانۆی ئەبسورد ئەدەن و شوێنپێی ساموێیل بێکێت هەڵدەگرن. دیمەنەکان لە نێوان گەمەخەون، فۆرمێکی لێبوك ئاسا و شانۆیەکی دەربڕیندا پیکدادەچن و لە وێنەیەکی تەمومژاویدا ڕۆدەچن.

بە چەشنی کۆتایی گەمە لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە، دەڕواننە گەردوونێکی فراوان و لاش نۆرێن یش جوڵە و بزاڤی کەسایەتییەکان لە هونەری پەیکەرتاشی نزیك دەکاتەوە و وێنەیەکی زبر و ڕەق دەکاتە پەیکەرێکی بزۆز، زنجیرە دیمەنێکی کورت، یەك بەدوای یەکدا، هەندێکیان بریتیین لە چاوتروکانێك، جووڵەیەکی خێرا، ڕووناکی، تاریکی یان ڕەوشێکی بروسکەئاسا، وێنەی گوزارشتئامێز دروست دەکات و لەهەمانکاتدا دەیان ڕووخێنێت.

- **ئایین و سێبەری مەسیح**

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە چەندین مۆتیفی ئایینی لەخۆدەگرێت، هێڵی تێکستەکان و گەمەی زمان دەمانباتەوە بۆ ناو کێشە و مەسەلە ئاینییەکان، مەسیح و هەندێ لە دێڕەکانی ئینجیك تێکەڵاوی وڕێنە و ڕەوشێکی کۆمیدی دەبن. پەرجوو لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکات و مەسیح ئازاری کارەکتەرەکان هەڵدەگرێ و پرسیارەکانی من کێم؟ من چیم؟ بۆچی من؟ لە چەمکەکانی ئایینەوە، لە سەودایەکی نهێنییەوە، لە گەمەیەکی کۆمیدییەوە ئازارەکانی مەسیح دەبەستێتەوە بە ئازارەکانی کییر، لوکا و کول هوه. لەم گێژاوەدا کارەکتەرەکان گەمەی لەخاچدانی مەسیح دەکەن و پەنا

ئا ... کە وایە ئەوە لەگەڵ ئەودا بکە.

کییر

کێ؟

کول

ئا، ئەو ... لەگەڵ مەسیحدا.

کییر

مەسیح، ئا .... نەو .... گەر من .... من دەبێ .... گەر من .... گەر من .... ئەوێی ماچکەم ... ئەوێی ماچکەم ... دەمی ... ماچکەم.

کول

دەمی ئەو؟

کییر

دەمی. دەمی ئەو ... لەو سەرەوە ...

کول

لەو سەرەوە

کییر

( وچان )

ئەو لە خوارەوەیە.

کول

منیش لەوێم .. لە خوارەوەم.

کییر



ئەوان ئەویان داگرتۆتە خوارەوە.

کول

هەمیشە لە خوارەوەیە. لێرە لە خوارەوە. خواروترین لە دەمارەکانا.

شانۆنامەی ( پەرجوو ) دیمەنی ٢١

کارکتەرەکان بەردەوام دەربارەی ژیان، مەرگ، بوون، ئایین قسە دەکەن، هەروەك ئەوەی کە ئەو سی کەسە دوا مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی بن، لە کۆتاییشدا بەرجەستەی وێنە بەناوبانگەکەی دافنشی، دوایین شێو دەکەن و کامیان یەهوزایە، یان کامیان بۆ رۆڵی یەهوزا هەڵدەبژێردرێت. یەهوزا ئەو کەسە بوو کە خیانەتی لە مەسیح کرد و بەهۆی ئەو خیانەتەشەوە لاخاچ درا.

کییر

ئێستا سەیریانکە هەموو ئەوانەی ئەویّ، ئێستا پێمبڵێ پێتوایە کێیو؟ کیّ؟

کول

بەڵیّ؟

کییر

بەڵیّ؟

کول

چیی؟ ئەوە باسی چیی دەکەیت؟

کییر

باسی هیچ ناکەم! ئەوە کێیە؟

کول

کیّ؟

کییر

یەهوزا کێیە؟

کول

یەهوزا؟ خۆ تۆ باسی مەسیحت دەکرد.

کییر



ئا بەڵام من باسی یەهوزام دەکرد؟ کامیان لەوانەی ئەویٚ ئەوە؟

کول

نازانم.

**شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ٢١**

**•زەمەن و زمانی پەرجوو**

فۆرم و شێوازی نووسین لەم شانۆنامەیەدا زۆر گرنگە، دیمەنی کورت لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا، ئەوەی ئێستا دانیشتبوو، پاش قەیرێکی تر و لەچاوتروکانێکی تردا بەپێوە، بە دیوارەکەوە نووساوە، ئەوەی نوستبوو، ئێستا جووتێك پێڵاو تاقیدەکاتەوە، ئەوەی تریشیان، هەر وەك مردوو کەوتووە. ئاماژە و دەنگ و هەندێ جار لە تاریکییەوە ڕستە پچڕاوەکان و چۆنێتی جوڵانەوەی جەستەی کەسایەتییەکان، دەنگدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە، کارەکتەرەکان لەو بێزمانییەدا، بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن بۆ پەیوەندی، بۆ دیالۆگ و بۆ دووپاتکردنەوەی پێداگرتن لە بوونی خۆیان.

زۆرجار زمان دوورە لە هەموو لۆژیکەکانی بەکەرهێنانەوە، دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامە، ڕستەی کورت و پچڕ، یان وێنەیەکی مەجازییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی سەیر نزیك بۆتەوە لە زمانی ژیانی ڕۆژانە و منی تەنیا. لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەیدا نزیك بۆتەوە لە زمانی بەدمەست و بەنگ کێشەکان و ئەو زمانە تایبەتییەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکارهێناوە. دیالۆگەکان لە هەڵوێستە و باری جیاوازدا، چەندین مانای جیاواز لەخۆدەگرن، بەدوای پێناس و ناوی خۆیان و هەڵوێستە و ڕوشی خۆیاندا دەگەڕێن، بەبێ ئەوەی هەست بە ماناکانی بوونی خۆیان بکەن. دیالۆگەکان تەنها وشەی کورت و ڕستەی پچڕ و تەواونەکراو نییە، بەڵکو وەستان و پچڕانی هەست و بیرکردنەوە و هۆشە، کارەکتەرەکان لەنێو وچانەکاندا گیردەخۆن، ون دەبن و لەم حاڵەتەشدا زمان فۆرمێکی تر و جیاواز لەخۆدەگرێت و هەندێ جار دیمەنەکە بە تەواوەتی لە تاریکیدا ون دەبێت.

کول

هەمدیس دەستمان پێکردەوە.

کییر

چیی؟

( ڕووناکیی )

کول

بەمە.

کییر

بە کامە؟

( تاریکیی )

( وچان )

دەستمان بە چی کردەوە؟

کول

بەمە ....

( ڕووناکیی )

بەمەی کە کۆتایی هات ...

کییر

نازانم.

( تاریکیی )

کول

لەبارەی چییەوە پرسیار دەکەیت؟

کییر

ئا، خۆت وات گوت.

کول

تاریکە یان ڕووناک؟

کییر

ڕووناک؟

کول

بەڕاست ڕووناکە؟

کییر

من باش نیم، ناتوانم دانیشم ... شتێك لە کۆمدایە.

کول

خواحافیز.

( ڕووناکیی )

( تاریکیی )

کول

خواحافیز ...

( ڕووناکی )

من چاو لێکدەنێم.

شانۆنامەی (پەرجوو ) دیمەنی ١٨ A

هەندێکجار بریسکەی کورتخایەن لە یادەوەری کەسایەتییەکاندا زیندوو ئەبێتەوە، وایان لێدەکات کە وا بزانن شتێك دەزانن، بەڵام هەر زوو ئەو بریسکەیادە ون دەبێتەوە و دیالۆگەکان زۆر خێرا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و خەندەیەکی ئەبسورد لەخۆدەگرێت. تەقەلای ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەوەیە مانایەك بۆ ژیان و بۆ بوونیان بدۆزنەوە، لە ڕەوش و هەڵوێستەیەکی کۆمیدیدا دەسوڕێنەوە، هەریەکەیان زمانی تایبەتمەندی خۆی و لۆژیکی خۆی هەیە، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا حاڵەتێکی ئەبسورد دەخوڵقێنن. وێنەکان دێن و دەچن: وێنەی زمانەوانی، وێنەی وەستاو، وێنەی بێدەنگ و وێنەی بزواو، دیمەن دوای دیمەن، هەندێکیان تەنها چرکەیەکە، هەندێکیان پانتۆمایم و بەبێ وشەیە، تەنها وێنەیەکی کۆریۆگرافی، ڕووناکی، تاریکی، ڕووناکی و کات تێدەپەڕێ، پرسیارەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، ڕستەکان تێکدەشکێنرێن و دەبنە وێنە و میتافۆر، زەمەن وەك شێرپەنجە و ئایدز وایە، جۆن بێت و چۆن دەبێت، هەر دەڕوات.

کول

شێرپەنجە ئێستا تەواو شتێکی ئاساییە ... هەمو شتێك شێرپەنجەیە ... هەموو شار بریتییە ... زەمەن خۆی شێرپەنجەی خۆی هەیە.

کییر

ئا.

کول

زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیە.

کییر

یان ئایدز.

کول

ئەوەش هەر شێرپەنجەیە. ئەوە شێرپەنجەیە کاتێك ... کاتێك ئایدزە.

کییر

بەڕاست؟

کول

( شتێك لە دەمیدا دەردەکێشێت، تەڵە قژێکی درێژ )

ئایدز یان شێرپەنجە ... ئەوە چییە! نەفرەت ... چی دەکەیت!

کییر

نازانم ... نازانم ئەوە چییە ...

شانۆنامەی (پەرجوو ) دیمەنی ٢٠B

پەرجوو وێنەیەکی شیعرییە و گوزارشت لەو زەمەنە دەکات کە تووشی شێرپەنجە بووە، لێرەدا کورد و ئۆدیب یەکدەگرنەوە. ئۆدیبۆس دەبێتە سیمبوڵی لەدەستدانی کۆنترۆڵ، کوردیش بێدەرەتانی. پەرجوو وەك ئەوە وایە کە خەوشێك، هەڵوێستێك یان خەونێك بێت لەنێوان دیمەنەکاندا و بە ئاشکرا لە دەرەوەی هەموو زەمەن و شێوازە تەباکان، ناتورالیزم و ڕیالیزمەوەیە.

پارچە پارچەیی و بێ لانەیی کورد لەگەڵ بێ لانەیی کارەکتەرەکان یەکدەگرێتەوە و کوردیش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو دۆزەخە. لوکا زۆر کەم ئەدوێت، ئاماژەی مردووی بۆ دەکەن و لەو بێدەنگییەدا، بەشێوەیەك لە شێوەکان بەدوای گەوهەری ڕاستییەکاندا دەگەڕێت و نووسەریش هەندێ لە دیالۆگە گرنگەکانی بە لوکا بەخشیوە. لوکا لە زەمەنێکی جیاوازتر، بە بەراورد لەگەڵ کول و کییر دەژی، زمانێکی جیاوازتریشی هەیە و لەو پشێوییەدا زۆر بە وردی شتەکانی دێنەوە یاد، باسی کورد دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە نادیارەکەی خۆی.

لوکا

.... خەڵکی کوێیت؟ گوتی کوردستان. ئێ ئێ کوردستان ئا. پاشان گوتی ئێران. من گوتم: ئێران؟ پێموابوو گوتت کوردستان. ئا، باکووری کوردستان لە ئێران. دەکەوێتە



ئێرانـــــــەوە. لێمپرســـــی: ئـــــەدی وەزع لـــەوێ چـــۆنە. پاشـان کەوتـە باســــکردنی ئەوەی کە لەوێ ڕوودەدا. هەڵبـەت لـەوێ زۆر شـــــت ڕوویدابوو. ئەو گـوتی کـە سـی هـــاوڕێی لـــە قوتابخانـــــەدا هەبوون، ئێستا لەو سییە تـەنها پێنجیـــان لـــە ژیانـــدا مـــاون. ســـیانیان لـــە ئێـــران لـــە زیندانـــــدان، ئەوانـە حەڤـدە ســـاڵە لـــە زیندانــــدان، دوانیشـیان لـە ئـــەڵمانیان و ئەمیش لێرەیە. ئەو حاڵی حازر لێرەیـە، بـەڵام دەیـەوێت بـۆ جێگایــــەك بچێت. شـــانۆنامەی

(پەرجوو) دیمەنی ٦ B
مەسەلەکانی پێناس و نەبوونی پێناس دەبێتە شتێکی گەوهەری و گرنگ و کارەکتەرەکان پێناسی خۆیان لەدەستداوە، کوردیش لەم بوارەدا بێ پێناسە، یان دوژمنەکانی لە هەوڵی ئەوەدان کە هەموو پێناسەکانی لێ زەوت بکەن. زمانیش لە خودی زەمەندا ئامرازەکانی لەدەست ئەدات، لەبری ئەوە دەبێتە، یان تەقەلای ئەوە دەدات کە ببێتە زمانێکی بەرهەڵستکار، بەڵام ئامرازەکانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکان لێکدەترازێن.

• لە چاوەڕوانی پەرجوودا

لە دەسپێکی ئەم باسەدا، ئاماژەمان بەوە کردووە کە لاش نۆرێن دوای گەشتێکی دوور و درێژی چل ساڵیی، لە ریالیزم و ڕیالیزمی دەروونییەوە بۆ شانۆیەکی ئێگزیستێنتیالیزم و مەسەلەکانی بوون و مەرگەوە، خۆی لە کەنارەکانی شانۆیەکی ئەبسورد، ئەبستراکت و ڕاستەوڕاست سامۆێل بێکێت دا دەبینێتەوە.

پەرجوو لە بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ، کۆتایی گەمە و ڕۆژێکی بەختیار دوە ووزەکانی خۆی وەردەگرێت، بەڵام بە دەنگ و ڕەنگ و بوون و ئەتمۆسفێری تایبەتمەندی خۆیەوە. کول، کییر و لوکا وەك کارەکتەرەکانی بێکێت لە تەنیاییەکی هەتاهەتاییدا دەسوڕێنەوە، لە زەمەنێکدا دەژین بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، زەمەنێك کە تووشی شێرپەنجە بووە ( زەمەن ناتوانێ خێرا بڕوا، لەبەرئەوەی زەمەنیش شتێکی ئەبستراکتە ) و زەمەن هەرگیز تەواو نابێت.

ئێستراگۆن و فلادیمیر لە پەرجوو داو دوای سەدەیەك لە چاوەڕوانی، لە تەنیایی و لە بێ لانەیی، بەبێ ئامانج و بەبێ هیوا لە سەرنوێلکێکدا، لە سەرەڕێگایەکدا یان لە شوێنێکی نادیاردا سەرلەنوێ یەکتر دەبیننەوە. ئێستراگۆن و فلادیمێر لەلای بێکێت ئامانجێکیان هەبوو، لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەوان چاوەڕوانی گۆدۆیان دەکرد، گۆدۆ هەرچییەك بێت، هەبێت یان نەبێت، بێت یان.



نەیەت، ئەوە پرسیارێکی ترە. بەڵام کارەکتەرەکانی پەرجوو ئەوەشیان نییە، ئەوان بەدوای شتێکدا لە زمان و ئاماژەکاندا دەگەڕێن، بەدوای شتێکدا دەگەڕێن نە ئەزانن چییە و نە ئەشیدۆزنەوە، هەندێك جار بە تەواوەتی لەیەکتر حاڵی نابن و بەردەوام بەسەر سەری یەکترەوە، بەبێ بوار، بەبێ وچان قسە دەکەن. گەمەی لەخاچدانی مەسیحیش تەنها سمبولێکە بۆ ئازارەکانی ئەوان، ئێمە و کۆمەڵگا، کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەوەوەی کە ببینە ئەوانی تر. سێبەرەکانمان. لەم شوێنە نادیارەدا ئێمە هەموو لە چاوەڕوانی پەرجوویەکداین، لەچاوەڕوانی سەرفرازی و قووتاربووندابن.

ئەوانەشی کە لەم شانۆنامەیەدا دەمانهێننە پێکەنین و پێیان پێدەکەنین، ئەوانەن کە نامانەوێت لە ژیاندا، لە واقیعدا بیانبینین و پەیوەندیمان پێیانەوە هەبێت. ئەم شانۆنامەیە چەندین خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەم هەوڵەش تەنها خوێندنەوەیەکە و دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاوازترەوە بخوێنرێتەوە. پەرجوو خەونێکی کراوەیە و دەکرێت بە زۆر شێوە ببینرێت.

* سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو، یەکێکە لە دوا بەرهەمە ڕیالیزمییەکانی یۆژین ئۆنێل و لەسەر بیوگرافیای ژیانی خۆی، لەساڵی ١٩٤٦ دا نوسیوویەتی. لاش نۆرێن لە دەروازەکانی ئەم شانۆنامەیەوە، هەر دوو شانۆنامە بەناوبانگەکەی خۆی: شەو دایکی ڕۆژە و پشێویی دراوسێی خوایە، نووسیون